# ڕەوشی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا: بزوتنەوەی گۆڕان وەک نموونە

م.ی. شیلان احمد روستم*

وشە کلیلییەکان: ئۆپۆزسیۆن، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، دەسەڵات، هەرێمی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان.
https://doi.org/10.31271/jopss.10020

**پوختەی توێژینەوە:**

لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ خەڵکی هەرێمی کوردستان چوونە ناو قۆناغێکی نوێوە کە قۆناغی بونیادنانی ئازادی و پرۆسەی دیموکراسی بوو، هەر بۆیە هەموو ئامانج و خەونی خەڵکەکە سەرخستنی ئەو پرۆسەیە بوو، بەڵام شەڕی نێوان هەردوو حزبە سەرەکیەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ و لێکترازانی ئیداری نێوانیان بۆ ماوەی زیاتر لە نۆ ساڵ، ڕەوشی حوکمڕانی هەرێمی بەرەو جۆرێك لە ستەمگەری حیزبی برد، دوای کۆتاییهێنان بە شەڕ و ئاشتبونەوەش هەردوو حزب کەوتنە دابەشکردنی نیوە بە نیوەی دەسەڵات و سامانی هەرێم لەنێوان خۆیاندا، لەم دۆخەشدا هیچ دەنگێکی ئەوتۆ وەك ئۆپۆزسێۆن لە ئارادا نەبوو جگە لە ناڕازی بوونی هەندێك لە ڕۆشنبیران ومیدیاکاران، تا سەرهەڵدانی بزوتنەوەی گۆڕان لە ساڵی ٢٠٠٩ وەك یەکەم هێزی سیاسی کە ئۆپۆزسێۆنێکی ڕاستەقینەی لەناو پەرلەمان و لەسەر شەقام پیادەکرد لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوی ئیسلامی.

دوای هەڵبژاردنی ٢٠١٣ ئەم هێزە ئۆپۆزسێۆنانە ڕەوشی کاریان گۆڕی و بەمەبەستی چاکسازی بەشدارییان لە حکومەتدا کرد، بەڵام لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا شکستیان هێنا، بەهۆی چەند هۆکارێك کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ بۆ تاوتوێکردنیان دەدات، بە وەرگرتنی بزوتنەوەی گۆڕان وەك نمونەیەکی بەرچاو لە هێزە ئۆپۆزسێۆنەکانی پێشوو.

**ملخص البحث:**

**مسار المعارضة في اقليم كوردستان: حركة گوران أنموذجا**

بعد انتفاضة ١٩٩١ دخل المواطنون في أقليم كردستان مرحلة جديدة وهي مرحلة بناء الحرية والعملية الديمقراطية وكان كل آمال الشعب هو مناصرة هذه العملية، الا أن اقتتال الحزبين المتخاصمين لما يقارب خمس سنوات، وتقسيم الاقليم الى ادارتين لما يقارب تسع سنوات، قد حول مسار الحكم في الإقليم الى نمط من الاستبداد الحزبي، وبعد انهتاء الاقتتال والمصالحة تم تقسيم السلطة بين الحزبين مناصفة، ولم ترفع اصوات معارضة ضد هذا الوضع الا من قبل بعض المثقفين و الاعلاميين، الى أن ظهرت حركة التغيير سنة ٢٠٠٩ كبداية لظهور أول قوة سياسية مارست معارضة حقيقية داخل

* مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی shelan.abwbakr@univsul.edu.iq

البرلمان وفي الشارع أيضا مع كل من الجماعة الاسلامية والإتحاد الاسلامي.

وبعد انتخابات ٢٠١٣ غيرت هذه القوى المعارضة مسار عملها وإشتركت في الحكومة بغرض الاصلاح، إلا انها قد فشلت في تحقيق ذلك الهدف لأسباب عديدة تحاول هذه الدراسة تناولها مع التركيز على حركة التغيير كنموذج لتلك القوى المعارضة سابقا.

**Abstract:**

**The Pathway of the Opposition in the Kurdistan Region:**

**Gorran as a Model**

In the Kurdistan region, prior to the establishment of Kurdish de-facto autonomy in 1991, Kurdish political parties' duties mainly included armed insurrection against the Iraqi government to procure rights for Kurds. After the 1991 uprising against the Baathist state, the Kurdish people hoped for a new start for the region which would bring about freedom, development, and participation in a new democratic process. However, shortly after the founding of the first Kurdistan Regional Government (KRG), civil war broke out in Iraqi Kurdistan between the PUK and KDP. After hostilities ended in 1994, the two parties decided to divide power among them both equally without the need for elections. As they were heavily armed and had established partimonial networks with smaller, supporting parties, there was no possibility of challenging the new system in place.

This situation lasted until 2008-2009 with the emergence of Gorran, a newly established political party which aimed to be the region's first true democratic opposition. Gorran participated in the third KRG parliament between 2009-2013. In coalition with the Kurdistan Islamic Group (KIG) and Kurdistan Islamic Union (KIU) parties, they formed the first official parliamentary opposition bloc. For the four years that the coalition lasted, there was a noticable change in quality of debates and legislative work in Parliament. Despite the good start to the their existence, in the fourth parliament in 2013, the opposition decided to join the government and made several strategic and tactical mistakes. The stated goal of joining the grand coalition government was to hold the government accountable internally. This, however, did not materialise and slowly opposition as a political entity became increasingly weak.

This study attempts to study all the causes of this failure, In particular the reasons that led to the weakening of Gorran, as the previously main opposition power, wich was not only became weaker, but also lost their effectiveness as a political movement.

## پێشەکی:

یەكێك لەسیماكانی دیموكراسی بوونی ئۆپۆزسیۆنە لەپرۆسەی سیاسی وڵاتدا، بێ بونی ئۆپۆزسیۆن ناتوانرێ باس لەسستمی دیموكراسی ڕاستەقینە بكرێت، بەتایبەتی لە وڵاتە پێشكەوتوە دیموكراسیەكاندا، چونكە ئەو وڵاتانە ئۆپۆزسیۆن بە زەرورەتێك دادەنێن بۆ زامن كردنی پرۆسەی دیموكراسی لەوڵاتەكەیاندا. ئۆپۆزسیۆنێك كە تەواو ئازاد بێت لەئەنجامدانی چالاكیە سیاسیەكاندا، لەڕەخنەگرتنی لەدەسەڵات، لەهاندانی هاوڵاتیان بۆ ڕەتكردنەوەی بڕیارە ناپەسەندەكانی حكومەت، لەڕەتكردنەوەی یاسا نابەجێكان و دروستكردنی ڕای گشتی لەسەر ئەو بابەتانەی بڕوایان پێیەتی.

لەهەرێمی كوردستاندا پێش ڕاپەڕینەكەی ١٩٩١ هێزە سیاسیەكان لەبەرامبەر داگیركاری ڕژێمی ئەو كاتەدا كاری بەرگریو ناڕەزایی بریتی بوو لەخەبات بەشێوەی چەكداری و شۆڕش و هەوڵی مانەوەو ڕزگاری كورد بوو، لەبەرامبەر دوژمنێك كە نیازی نەهێشتنی بوو. بەڵام دوای ڕاپەڕین و دروستبونی حكومەت و دواتریش تاكو دوای دروست بوونی دوو ئیدارەیی ئەوەی كە هەبوو تەنها ڕەخنە گرتن بوو لە حكومەت، بەتایبەت لەمیدیاكانەوە كە لەلایەن ڕۆشنبیرانو خاوەن بیروڕاكان دەنوسرانو دەوتران، لەگەڵ دەنگێكی كەم لەناو حزبەكانەوە كە داوای چاكسازییان لەناو حزب و سستمیشدا دەكرد، تاكو ساڵی ٢٠٠٨ - ٢٠٠٩ لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەكی سیاسی نوێ كە بزوتنەوەی گۆڕان بوو سەرەتای دروست بوونی یەكەم پارتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ڕاستەقینە دەستی پێكرد، كە بۆ ماوەی چوار ساڵی خولی سێیەمی پەرلەمان ٢٠٠٩ - ٢٠١٣، بەهاوڕای هەندێ حزب و لایەنی تركەوتە ململانێیەكی توند لەگەڵ هەردوو حزبی باڵادەست (یەكێتی نیشتیمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان)، دواتریش دوای هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان لە ٢٠١٣ بە دروشمی بەرەو دەسەڵات بەشداری لە حكومەتدا كرد بەمەبەستی چاكسازی، بەڵام لەم هەنگاوەیدا سەركەوتوو نەبوو، وردە وردە ئەو بزوتنەوەیە وەك پارتێكی ئۆپۆزسیۆن لەم ساڵانەی دوایی و لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەماندا بەرەو لاوازی ڕۆشت، ئەمەش بەهۆی چەند هۆكارێكەوە بوو كە هەوڵ ئەدەین لەم لێكۆڵینەوەیەدا بیانخەینە ڕوو.

**گرنگی توێژینەوەكە:** گرنگی توێژینەوەكە لە گرنگی بوونی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی كوردستاندا سەرچاوەی گرتوە، چونكە ئۆپۆزسیۆن بەشێكە لە پرۆسەی سیاسی ووڵات و تەواوكەری ژیانی سیاسیشە لە ووڵاتانی دیموكراسیدا، هەروەها هێزێكە بۆ هاوسەنگی ڕاگرتنی سستمی سیاسی بە لاوازبونی ئەو هاوسەنگیە لەوڵاتدا نامێنێ.

**پرسیاری توێژینەوەكە:** ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی پرسیارێكی سەرەكیدا دەگەڕێت ئەویش ئەوەیە: چی وای كرد كە ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی كوردستاندا لە ماوەیەكی كەمدا بەوجۆرە پاشەكشە بكات؟ هۆكاری سەرەكی لاوازی و پاشەكشێی چی بوو؟

**ئامانجی توێژینەوەكە:** ئامانجی توێژینەوەكە خستنە ڕوی ئەو ئاستەنگ و هۆكارانەیە كە بوونە هۆی لاواز بوونی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی كوردستاندا.

**گریمانەی توێژینەوەكە:** گریمانەی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ كە: بوونی

ئۆپۆزسێنێکی کارا و تەندروست لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بەڕوحی بەردەوام بوون هەیە بۆ بەهێز بوونی، پێویستە بەردەوام بژاردەی جیاوازی هەبێ بۆ هاولاتیان بۆ هەڵبژاردنی ژیانێکی باشترو هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ هاولاتی کە بتوانێ ڕۆڵی هەبێ لەسیاسەتی ولاتەکەیدا لەهەموو بوارەکانی ژیانیدا، واتە بوونی گوتاری جیاواز لەوەی دەسەلات هەیەتی.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتیە لە میتۆدی مێژویی بەمەبەستی گێڕانەوەو باسکردنی مێژوی دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ میتۆدی شیکاری بەمەبەستی دەرخستنی هۆکاری لاوازبونی ئۆپۆزسیۆن .

**پەیکەری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی بنەما تیۆریەکانی ئۆپۆزسیۆن کە دوو باس لەخۆ ئەگرێت: باسی یەکەم چەمك و مانای ئۆپۆزسیۆن، کە لە ڕوی زاراوە و واتاوە پێناسەی ئۆپۆزسیۆنی تیاکراوە، باسی دوەمیش گرنگی ئۆپۆزسیۆن لە سستمی سیاسی ولاتدا خراوەتە ڕوو. بەشی دوەمی لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستاندا، ئەمیش لە دوو باس پێکهاتوە: باسی یەکەم باس لە مێژوی دروست بونی ئۆپۆزسیۆن ئەکات لەهەرێمی کوردستاندا، باسی دوەمیش دروست بوونی بزوتنەوەی گۆڕان وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی ئەخاتە ڕوو. لە بەشی سێیەمیشدا کە بەناونیشانی لاوازبوونی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لەهەرێمی کوردستاندا ئەویش لە دوو باس پێکهاتوە: باسی یەکەم هۆکارەکانی لاواز بوونی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی ئەخاتە ڕوو، باسی دوەمیش هۆکارەکانی لاوازبوونی بزوتنەوەی گۆڕان وەك پارتێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی تاوتوێ دەکات.

## بەشی یەکەم: بنەما تیۆریەکانی ئۆپۆزسیۆن:

ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ باسکردنی بنەما تیۆریەکانی ئۆپۆزسیۆن کە لە دوو باس پێکهاتوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### باسی یەکەم:- چەمکی ئۆپۆزسیۆن:

لەم باسەدا تاوتوێی چەمکی ئۆپۆزسیۆن دەکەیەن وەك واتاو زاراوەو وەك پێناسەوە:

**یەکەم: ئۆپۆزسیۆن لەڕوی واتاو زاراوەوە:**

زاراوەی ئۆپۆزسیۆن لەبنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (opositio)ی لاتینی کە بەمانای روبەڕوو بونەوە و بەرامبەر یەك وەستان دێت، یاخود بەمانای رای پێچەوانە دێت، بەکارهێنانی زاراوەی ئۆپۆزسیۆن (opposition) لەزمانی فەرەنسی بەمانای ڕەخنەگرتنو ناڕازی بوون دێت، بەهەمان شێوەش لەزمانی ئنگلیزیدا[١].

**دووەم: ئۆپۆزسیۆن لەڕوی پێناسەوە:**

ئۆپۆزسیۆن یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی مرۆڤ، کەبەهۆی بیروراو هەڵسەنگاندنی جیاواز لەسەر دیاردە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان کەسێك بەرەنگاری بیروڕای کەسێکی تر دەبێتەوە، یاخود بەرەنگاری سیاسەتی لایەنێکی دیاریکراو دەبێتەوە[٢].

کاتێکیش ئەم بەرەنگاریە فراوان دەبێت لەنێوان کۆمەڵێ کەس، دەکرێت لەچوارچێوەی ڕێکخراوێك یاخود بزوتنەوەیەك ڕەنگ بداتەوە وەك ئۆپۆزسیۆن خۆی پێناسە بکات.

کەواتە دەتوانیین بڵێین ئۆپۆزسیۆن واتا بونی بەرەی جیاواز لەگەڵ دەسەڵاتدا، جیاواز لەگوتار و بیروبۆچون، لەجۆری بەڕێوەبردنی سیستم، لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، لەداڕشتنی سیاسەتی ناوخۆییو دەرەکی.

واتا ئۆپۆزسیۆن بەهەموو ئەو جوڵانەوەو بزوتنەوانە دەوترێت کەبەرەنگاری هێزێکی سیاسی دەبێتەوە کە جڵەوی دەسەڵاتی گرتۆتە دەستو دەبێتە چاودێرێکی بەدیقەتی ئەركو فەرمان و سیاسەتەکانی حکومەت بەپێی دیدو بۆچونەکانی خۆی[٣].

بەمانایەکی تر ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هەموو ئەو ڕێکخراو وپارتە سیاسیانە دەگرێتەوە کەلە ڕێی چاودێریکردنو ڕەخنەکانیان بەرامبەر دەسەڵات کاردەکەن بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر رای گشتی

---

١) یاسین سالح، ئۆپۆزسێنی سیاسی، چاپو بڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٩، لا ٣٣.

٢) د.طه عمر رشيد الأسس القانوني لحق المعارضة السياسية-العراق نموذجا، دار السلام للطباعة والنشر، السليمانية ٢٠١١، ص ١٦.

٣) المصدر نفسه، ص٢٠.

دروست بکەن و خۆیان وەك ئەڵتەرناتیڤی حزبی دەسەڵات جێگیر بکەن[١].

بەڵام ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەسیستمێکی سیاسیەوە بۆ سیستمێکی تر جیاوازی هەیە، ئەم جیاوازییەش بەهۆی جیاوازی سروشتی سستمەکە و هەروەها ڕادەی بەرەوپێشچونی دەستور و سیاسەتی ئەو دەوڵەتەو ڕادەی جێگیر بونی مافەکانی مرۆڤ و جێکردنەوەیان لە یاساکاندا، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی ژیانی سیاسی ڕێکدەخەن وەك یاسای هەڵبژاردنو یاسای پارتە سیاسیەکان، دەردەکەوێت[٢].

هەموو ئۆپۆزسێنێکی سیاسی دەبێت ڕوحی بەردەوام بوونو گۆڕانکاری تیا بێت بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لەحکومەت، چونکە بەبێ ئەو ڕوحیەتە بەرنامەکانی بەرنامەی ناواقعی دەبن و جگە لەئاگادار کردنو هەڕەشە زیاتر هیچی تر نیەو بەوشێوەیە ناتوانیین بە ئۆپۆزسیۆنێکی یاسایی و سیاسی ناوزەندی بکەین[٣].

بەواتایەکی تر ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوە دروست نابێت کە هەتا هەتایە لەخانەی دەرەوەی دەسەڵات ڕخنە بگرێتو پرۆژەی بەدیل پێشکەش بکات، بەڵکو بۆ جێبەجێکردنیان دەبێ هەوڵی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات بدات لەڕێگای قەناعەت پێکردنی هاوڵاتیان نەوەك تەنها دەنگی زۆرینە مسۆگەر بکات.

بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی متمانەی هاوڵاتیان بەدەستبهێنێت دەبێت ئامانجەکانی ڕوونو ئاشکرا بن و بەپێی میکانیزمێك کاربکات[٤].

کەواتە لەم پێناسانەی کە کردمان دەتوانیین بڵێن :

١- ئۆپۆزسیۆن لەئەنجامی بونی بیروڕای جیاواز دروست دەبێت، لەبەرئەوەی لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریدا ڕاو بۆچونی جیاواز هەیە و پەیدا دەبێت، هەر بۆیە مرۆڤ دەبێتە خاوەنی ڕای جیاواز و دیدی جیاواز، لەوێوە دەبێتە تاقمو گروپی جیاواز، واتا لەناو حزبیشدا بەرە دروست دەبێت کە ڕەنگە لەگەڵ بۆچونی سەرکردەکانی جیاواز بێت، هەروەها لەناو ڕێکخراو و سەندیکا و گروپە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هونەریەکانیشدا.

٢- دەکرێت ئۆپۆزسیۆن حزبێك یان چەند حزب و دەستەو تاقمێك بن ئەگەرچی دیدو تێڕوانینی جیاشیان هەبێت بەمەرجێك پرۆژەکانیان هێندە دوور نەبن لەیەك کە نەتوانن بەرامبەر تێڕوانینەکانی دەسەڵات تێڕوانینێکی هاوباش لەبەرامبەردا دروست بکەن، ئەمەش کارێکە لەزۆر وڵاتانی دنیادا کراوە و تواناوە هێزەکان بەجیاواز لەڕوی ئایدۆلۆجی و بۆچونەوە لەوپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ کۆکراونەتەوە و بەرەی ئۆپۆزسیۆنیان دروستکردوە.

٣- حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بەردەوام وەك ئۆپۆزسیۆن نامێننەوە، بەڵکو دوای خستنە ڕوی

---

١) یاسین سالح، سەرچاوەی پێشو، لا ٤٢.

٢) سربست مصطفى رشيد اميدي، المعارضة السياسية والضمانات الدستورية لعملها-دراسة قانونية سياسية تحليلية مقارنة، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، مطبعة خاني-دهوك، الطبعة الأولى ٢٠١١، ص٢١.

٣) اشرف مصطفى توفيق ،المعارضة ، العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، سنة الطبع غير موجود، ص٢٢.

٤) سربست مصطفى رشيد اميدي، المصدر السابق ، ص٢١

گوتار و بەرنامەی سیاسی خۆیان هەوڵی جێگیرکردنی پرۆژەکەیان ئەدەن لەدەسەڵاتدا.

٤- دوای بەشداری کردنیان لەحکومەت دەبێ لەهەوڵی ئەوەدا بن کە متمانەی هاوڵاتیان و دەنگدەرەکانیان لەدەست نەدەن، بەوەی کە ڕاستگۆ بن لەجێگیرکردنی ئەو پرۆژە و بەڵێنانەی بەدەنگدەرەکانیان داوە.

**باسی دووەم: گرنگی ئۆپۆزسیۆن لەسستمی سیاسی وڵاتدا:**

لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا بەبێ بونی ئۆپۆزسیۆن دیموکراسی مانا نابەخشێ، واتا لەو وڵاتانەدا هەمیشە لەسەرەنجامی هەڵبژاردنەکاندا لایەنی زۆرینە خۆی یان بەهەماهەنگی نزیکەکانی حکومەت پێکدێنێ و دەبێ جێبەجێکەری ئەو پرۆگرام و دروشمانە بێت کە دەنگی پێ کۆکردۆتەوە، لایەنی دوەمیش دەبێتە چاودێری دەسەڵات و هەوڵ ئەدات سوود لەهەڵەو کەم و کورتیەکانی دەسەڵات وەربگرێت و بەخۆشیدا بچێتەوە لەڕوی گوتارو فیکر و هەڵوێستەکانیەوە خۆی ئامادە بکات بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ و فرسەتێکی نوێ[١].

بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سستمی سیاسی ئەو وڵاتانە بەخراپی گوزارشت لە ئۆپۆزسیۆن دەکەن و لایان وایە کە دەبێتە هۆی دووبەرەکی و ناسەقامگیری و مەترسی بۆسەر یەکێتی وڵات، هەروەها لەلای دەسەڵاتەوە وا وێنای دەکەن کەدژی بەرژەوەندی گشتیەو لەپێناو ئامانجی تایبەتیدا کاردەکەن[٢].

بۆیە دەبینین ململانێ لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا شێوەو کاریگەری بەپێی پێشکەوتن و پاشخانی خەڵکەکانی دەگۆڕێت، دەکرێ لە وڵاتانی پێشکەوتودا جوانترین نمونەی بەربەرەکانی بکرێت، بەڵام دەشێ لەهەندێ وڵاتی تردا لەدوای هەڵبژاردن و جیاکاری دەنگەکان پرۆسەکە بەتوندوتیژی یان بەکودەتا کۆتایی بێت.

کەواتە ئۆپۆزسیۆنی تەندروست ئەوەیە کاتێك کە لەهەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەو ڕاست ودروستدا ئەو دەنگە زۆرە بەدەست ناهێنێ بیگەیێنێتە دەسەڵات تا بەرنامەی سیاسی خۆی بخاتە خزمەت کۆمەڵگاوە، ئەوا مافی ئەوەی هەیە کە چاودێر بێت بەسەر حکومەتو دامودەزگاکانیداو بەپێی یاسا و دەستور لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ئەنجامبدا، هەروەها پێشبینیو ئەڵتەرناتیڤەکانی خۆی لەپێناو ڕاستکردنەوەی هەڵەو کەموکورتیەکاندا بخاتەڕوو، لەهەمان کاتیشدا دەبێ ڕێز لەدەسەڵاتو حکومەتی هەڵبژێردراو بگرێت هەروەك چۆن پێویستە دەسەڵاتیش ڕێز لەم بگرێت، وەکو کەمینەیەکی سیاسی هاوکاربێت لەگەڵ دەسەڵاتدا لەپێناو بەرژەوەندی گشتی[٣].

بەواتایەکی تر ئۆپۆزسیۆن ئەگەر بەشێکیش نەبێت لەدەسەڵات ئەوا بەشێکی گرنگە لەپرۆسەی گشتی سیاسی وڵاتدا. هاوکات بوونی ئۆپۆزسیۆنی تەندروست سیاسەت لە گرژی نائارامی

---

١) عبدالعظيم جبر، ثقافة المعارضة، من الانترنيت على الى الرابط الالكتروني الآتي:
http://www.siironline.org/alabwab/akhbar_aldimocrati(15)/akhbar_aldimocrati(15)/130.htm

٢) یاسین ساڵح، سەرچاوەی پێشو، لا ٤٣.

٣) عبدالعظيم جبر، المصدر السابق من الانترنيت.

دەپارێزێت و دەبێتە هێزێك بۆ هاوسەنگی ڕاگرتنی سستمی سیاسی لەوڵاتدا[1].

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانیین گرنگی ئۆپۆزسیۆن لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

١- بونی ئۆپۆزسیۆن واتا بوونی ڕای جیاواز و بوونی بژاردەی جیاواز بۆ هاوڵاتیان بۆ هەڵبژاردنی ژیانێکی باشتر، بوونی هەلومەرجی لەبارتر بۆ بەشداریکردنی سیاسی هاوڵاتی تا بتوانێ ڕۆڵی زیاتری لەسیاسەتی وڵاتەکەیدا لەهەموو بوارەکانی ژیانیدا هەبێ.

٢- بونی ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتدا دیاردەیەکە لەدیاردەکانی فرە حزبی، ئەمەش لەخۆیدا ڕێگریەکە لە تاك حزبیو دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی لە حوکمڕانیدا.

٣- ئۆپۆزسیۆن تەنها دەوری چاودێر بەسەر حکومەتو دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکانی نابینێ، بەڵکو داخوازیەکانی خەڵکیش ئەگەیێنە دەسەڵاتو دەبێتە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی نارازی بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکانیان، لەهەمان کاتدا فشار دەخاتە سەر دەسەڵات لەپێناو بەدەنگەوە هاتنی داخوازیەکانی خەڵكو ئەنجامدانی چاکسازی لە سیستمی حوکمڕانی و کایەکانی تری ژیاندا.

٤- لەکاتی بونی ئۆپۆزسیۆندا دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە وڵاتدا چالاکانەتر و جدیتر کار ئەکەن لەترسی بانگکردنو لێپرسینەوەیان لەلایەن پەرلەمانەوە.

کەواتە دەتوانیین بڵێین ئۆپۆزسیۆن بەشێکی گرنگە لەپرۆسەی سیاسی وڵات، ڕوونتر بڵێین بەرهەمی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانییەکی دروستە لە ووڵاتانی دیموکراسیدا.

١) عبدالاله بلقيز، المعارضة والسلطة في الوطن العربي، أزمةالمعارضة السياسية العربية، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى ٢٠٠١، بيروت، ص٦.

## بەشی دووەم: دروستبونی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستاندا:

ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ توێژینەوە لەمێژوی دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ باسکردنی دروستبونی بزوتنەوەی گۆڕان وەك هێزکی کارای ئۆپۆزسیۆن، لەم دوو باسەدا:

**باسی یەکەم: مێژوی دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستان:**

ئەگەر لەهەرێمی کوردستاندا باسی مێژوی دروستبونی ئۆپۆزسیۆن بکەین دەتوانیین بڵێین پێش ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ ئەو هێزو سیاسیانەی کورد کە دژی ڕژێمەکانی ئەوکاتە ئەجەنگان لەفۆرمی شۆڕش و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی بوون، واتا بەمانا شارستانیە نوێکەی ناتوانیین بیخەینە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنێك هەروەك چۆن داگیرکەری ئەوساش ناخرێتە چوارچێوەی حکومەتێکی هەڵبژێردراو و دیموکراتیەوە، بەڵام دەتوانیین بڵێین بەرگریکارێکی سەرسەخت بوون دژی ستەمکاریو هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەیەك.

بەڵام دوای ڕاپەڕینو سەرەتای حوکمی (بەرەی کوردستانی)* کە لەحزبە شۆڕشگێڕەکانی شاخ پێکهاتبوون، ئەم بەشەی کوردستانیان بەڕێوە دەبرد کە دواتر ناونرا هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەم حزبانە بە ئەزمونو تواناو پشگیریەکی کەمەوە حوکمڕانی ناوچەکەیان دەکرد تاکو ١٩٩٢/٥/١٩ کەیەکەمین ئەزمونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ کە لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دانرابوو بەڕێوە چوو[١].

لەم هەڵبژاردنەدا دەنگەکانی کوردستان زۆرینەی دابەش بون بەسەر دوو حزبدا کە پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، ئەگەرچی هیچ کام لەم دوو حزبە بە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکە ڕازی نەبوون، بەڵام لەترسی ئاڵۆز بوونی بارودۆخەکەو هەڵگیرسانی شەڕی

* بەرەی کوردستان پێکهاتبوو لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی، حزبی سۆسیالیستی کوردستان(حسك)، پارتی ئازادی سۆسیالیستی کوردستان(پاسۆك)، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری. ئەم بەرەیە لە ١٩٨٨/٦/١٢ دامەزرا، بەڵام لە ١٩٨٦ دا ئاشتبونەوەی یەکێتیو پارتی بەناوبژیوانی ئێران کرا لەنێوان جەلال تالەبانیو ئدریس بارزانی ڕێککەوتنێك کرا کە بوە بناغەی دروست بونی بەرەی کوردستانی،ئەم بەرەیە بە ئامانجی یەکخستنی هەموو توانای هێزەکان بوو لە بەگژاچونەوەی حکومەتی سەدام حسێن، چونکە پێشتر ئەم لایەنانە(بەتایبەتی یەکێتیو پارتی) لەشەڕی یەکتریدا بونو تواناکانیان لە شەڕی ناوخۆدا بەکاردەهێنا، بەڵام کە بەرەی کوردستانی دروست بوو هێزەکان کۆبونەوەو خۆیان ئامادەکرد کە بەیەکگرتویی شەڕی حکومەت بکەن، هەر ئەم یەکگرتنەش بوە هۆی سەرکەوتنی ڕاپەڕین، چونکە هەموو هێزەکان بەیەکەوە سەرکردایەتی ئەو ڕاپەڕینەیان کرد، دروست بونی ئەم بەرەیەش ڕۆڵی زۆری کۆماری ئیسلامی تێدابوو کەتا ئەوکاتە لە جەنگدا بوو دژی حکومەتی عێراق. سەرچاوە: قادری حاجی عەلی (ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسی یەکێتیو ئەندامی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لەوکاتەدا، هەڵسوڕاو وسەرکردەی دیاری پێشوی بزوتنەوەی گۆڕان)، چاوپێکەوتن لە ٢٠١٩/١/٢٥.

١) بڕوانە سایتی پەرلەمانی کوردستان مێژوی هەڵبژاردنی خولی یەکەم ١٩٩٢، لەسەر ئەم بەستەرە:
http://www.perlemanikurdistan.com/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History

براکوژی، هەردوولا ڕازی بوون کە دەرەنجامەکە پەنجا بە پەنجا قبوڵ بکرێتو حکومەت پێکبهێنرێت، واتا هەریەك لەو دوو حزبە (٥٠) کورسی پەرلەمانی بەرکەوێت[١].

لەو خولەی هەڵبژاردنی پەرلەماندا جگە لەم دوو حزبە سەرەکیە چەند حزبێکی دیکە بە پێنج لیستی جیاواز بەشداریانکرد، بەڵام هیچ کام لەم لیستانە دەنگی پێویستیان بەدەست نەهێنا لەناویاندا لیستی ئیسلامیەکان بوو کەدیارترین حزبیان بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان بوو[٢].

لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی دواتر لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان توشی چەندین ڕوبەڕوو بونەی چەکداری بوو، بەڵام نارەزایی ئەم حزبەو شەڕکردنی لەگەڵ حزبە کوردیەکاندا نەدەچوە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆن.

ئەم ئەزمونە واتا ئەزمونی پەنجا بە پەنجا زیانێکی زۆری لەپرۆسەی حوکمڕانی کوردی دا ، لەبەر ئەوەی بوە ڕێگر لەدروست بونی ئیدارەیەکی یەکگرتوو، هەموو کارمەندو فەرمانبەرەکان دابەش بوون بەسەر دوو حزبدا، ڕێگەی لەدروست بونی ڕوحی نەتەوەیی و نیشتیمان پەروەری گرت، ڕێگەی لە ڕاپەڕاندی ئیشوکاری خەڵكو لە خزمەتکردنی خەڵكو لەگەشەپێدانی ئابوری گرت، هەروەها بوە ڕێگر لە دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن (بۆ ماوەیەکی زۆر دورودرێژ)، جگە لەوەی بە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و دابەش بوونی کوردستان بەسەر سێ هەرێم کۆتایی پێ هات، هەرێمی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، هەرێمی ژێر دەسەڵاتی پارتیو هەرێمی ژێر دەسەڵاتی بزوتنەوەی ئیسلامی و دواتریش بە دابەش بونی بۆ دوو ئیدارە کۆتایی پێ هات[٣].

شەڕی ناوخۆ لەساڵی ١٩٩٤ تاکو ساڵی ١٩٩٨ی خایاند، لەم قۆناغەدا دەتوانیین بڵێین یەکێتیەکانی هەولێرو دهۆك نارازی بون لەئیدارەی پارتی، پارتیەکانی سلێمانیش نارازی بوون لەحکومەتەکەی یەکێتی، بەڵام ئەمەش بەواتا زانستیو فەلسەفیەکەی ناوی ئۆپۆزسیۆن نەبوو، بەڵکو لەهەردوو دەڤەرەکە بەشێك لەهێزی بەگژیەکدا چویان پێکدەهێنا.

دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتن لە ساڵی ١٩٩٨ لە نێوان جەلال تالەبانیو مەسعود بارزانی لەپێناو ئاشتبونەوەی هەردوو حزب، لەساڵی ٢٠٠٢ دەسکرا بە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانیش دواکەوت بۆ ٢٠٠٥/١/٣٠ کەهەردوو حزبەکە بە لیستێك بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردو هەروەك پێشوتر جارێکی تر پۆستەکان پەنجا بە پەنجا دابەشکرایەوەو حکومەتی یەکگرتوی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا[٤]. ئەم کابینەیەی حکومەت تاکو هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەردەوام بوو.

لەم مێژوەی کە باسکرا واتا لە ١٩٩٢ تاکو ٢٠٠٩ سەرەڕای نارەزایی خەڵك لەحکومەتو

---

١) شوان کابان، حکایەتی پەنجا بە پەنجا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٧٤٣ لە ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/١٧. ٢٠١٨/١٢/١٧.

٢) سایتی پەرلەمان، سەرچاوەی پێشوو.

٣) نەوشیروان موستەفا، حیزبو حوکم: ئەزمونی کوردستان، بروانە سایتی سبەی ، لەسەر ئەم بەستەرە:
https://www.sbeiy.com/Dreje_nwsinakan.aspx?jimare=72

٤) یاسین سالح، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٢٨.

کەموکوڕیەکانی حکومەت بەڵام ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی ڕێکخراو دروست نەبوو، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك بوو کە دەتوانیین لەم خاڵانەدا کورتی بکەینەوە:

١- لەدوای ڕاپەڕینو ڕزگار بوونی باشوری کوردستان لەژێر دەستی چەندین حکومەتو ڕژێمی بەزۆر سەپێنراو و داگیرکەری یەك بەدوای یەکدا، کە بۆ ماوەی نزیکەی ٨٠ ساڵی خایاند، خەڵکی کوردستان هاتنە ناو قۆناغێکی نوێوە کە قۆناغی ئازادیو بنیادنانو دەسەڵات کەوتنە دەستو بەشداری کردن بوو لە لەپرۆسەیەکی دیموکراسی نوێدا، هەر بۆیە هەموو ئامانجو خەونی خەڵکەکە سەرخستنی ئەو پرۆسەیە بوو نەك بەرەنگار بونەوەو وەستان لەدژی، بەتایبەتی کەهەمیشە هەڕەشەی دەرەکی لەسەر هەرێمی کوردستان هەبوو.

٢- شەڕی نێوان هەردوو حزبە سەرەکیەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵو دابەش بوونی ئیدارە لەنێوانیاندا بۆ ماوەی زیاتر لە نۆ ساڵ، وای لە جەماوەرو خەمخۆرانی میللەتەکە کردبوو تەنها بیر لە کۆتایی هێنان بە شەڕەکەو ئاشتبونەوەی ئەو دوو حزبە بکەنەوە.

٣- لە دوای شەڕی ناوخۆش دابەشکردنی پۆستەکان لەنێوان هەردوو حزبدا بەشێوەی پەنجا بە پەنجا وای لەهەردوو حزبی دەسەڵاتدار کرد لەهەردوو دەڤەرەکە دەست بەسەر هەموو دەسەڵاتو پارەو ئیرادەی خەڵکی بگرنو بەهێزبنو ڕێگە نەدەن خەڵکانێك دژیان بوەستنەوە، جگە لەمەش هەوڵیاندا بۆ ڕازی کردنی حزبە بچوکەکانی تر بە پۆستو پارەو ئیمتیازات.

٤- کلتوری بونی حوکمدارو ئۆپۆزسیۆن لەناو کورددا نوێیە، بەتایبەتی بونی ئەم جۆرە حوکمە لەوڵاتانی دیموکراسیدا بەرجەستە ئەبێت، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا ئەو کاتە نە عەقڵیەتی دەسەڵاتداران گەیشتبوە ئەو ئاستە کە بوونی ئۆپۆزسیۆن قبوڵ بکات، نە تێگەیشتنی گشتی خەڵکیش بەو ئاستە گەیشتبوو کە ئەو جۆرە کلتورە پیادە بکات.

٥- لەهەموو وڵاتانی جیهاندا ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە ڕابەر هەیە جا حزب بێت یان کۆمەڵە یان سەندیکا یان بزوتنەوەیەك یان چەند کەسایەتیەك یان کەسایەتیەکی کاریزمای سیاسی پێشڕوایەتی بکات، کە ئەمەش لەو کاتەدا بەدی نەئەکرا.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەێنێ کە بزوتنەوەی ئۆپۆزسیۆن کرۆکی نەبوە، بەڵکو ئەتوانیین بڵێین هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لەدەرەوەی حزبەکان بەتایبەتی لەمیدیای ئازادو ڕێکخراوەکاندا هەبوون، تەنانەت لەناو کادرە پێشکەوتوەکانی هەردوو حزبیشدا دەنگی ناڕەزایی هەبوو بەتایبەتی لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا دەنگی ناڕازی بەرامبەر حزبەکەیو دەسەڵاتیش بوونی هەبووە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانیین بڵێین دەرکەوتەکانی لە ساڵانی ٢٠٠٠و پاشتر دەستی پێکرد، کە کۆمەڵێك ڕۆشنبیر دەستیان دایە نوسین لەسەر حکومەتو کەمکوڕیەکانیو بەرگریکردن لە هاوڵاتیان، ئەو ڕۆشنبیرانە ئەزمونیان لە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکاندا هەبوو کە پێشتر زیاتر گرنگیان بە بابەتە فکرییەکان دەدا، بەڵام وەکو ناڕەزایەتییەك بەرامبەر بەدۆخەکە ئەتوانیین بڵێین ڕۆژنامەی هاوڵاتی پاشان گۆڤاری لڤینو هەندێکی تر مینبەری ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنە نارێکخراوانە بوو کە دواتر لقو پۆپی زیاتریان

لێکەوتەوە[١].

نارەزایەتی ئەم ڕۆشنبیرانە نەدەچوە خانەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، دەتوانیین بڵێین وەك گروپێکی فشار وابوون کە ڕۆڵێکی سنوردارایان هەبوو کە زیاتر بریتی بوو لەهوشیارکردنەوە، ئەمەش جیاوازە لە کاری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کە کاروچالاکیەکانیان پەیوەستە بەبواری گشتیو ئاستێکی فراوان، هەروەها جەخت لەسەر خواستی گشتی جەماوەر دەکات و ڕەچاوی بەرژەوەندی هەموو چین و توێژە جیاوازەکان دەکات[٢].

هەر لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا هەوڵێکی تر هەبوو لە بڵندکردنی دەنگە ناڕازیەکان و هەوڵ دان بۆ چاکسازی، ئەویش ئەوەبوو کە لە ساڵی ٢٠٠٦ نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی پرۆژەیەکی بەناوی ریفۆرمەوە ڕاگەیاند، لەو پرۆژەیەدا باسی گەندەڵی و ناعەدالەتی لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا کردوە[٣].

بەڵام ئەو پرۆژەیەش سەرکەوتوو نەبوو، بارودۆخەکە بەو شێوەیەی خۆی مایەوە تاکو ساڵی ٢٠٠٩ کە بەفەرمیو بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی ڕێکخراو لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکدا ڕاگەێنرا، کە ئەویش بزووتنەوەی گۆڕان بوو لەسەر دەستی نەوشیروان مستەفا و هاوڕێکانی دا.

**باسی دووەم: دروست بوونی بزوتنەوەی گۆڕان وەك یەکەم هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی:**

دوای وازهێنانی نەوشیروان مستەفا لە ٢٠٠٧و هەندێك لە هاوڕێکانی کە پێشتر وازیان لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێنابوو کۆمپانیای ووشەیان لە گردی زەرگەتە دامەزراند.

لەبەر ئەوەی خۆیو هاوڕێکانی پێیان وابوو کە ڕاگەیاندنی کوردی لاسایی ڕاگەیاندنی بەعس دەکاتەوە، بۆیە هەوڵ دەدەن دەزگایەکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ دامەزرێنن.[٤] ئەو دەزگایەش کۆمپانیای وشەبوو کە سایتی سبەیو ڕۆژنامەی ڕۆژنامەوڕادیۆ دواتریش تەلەفزیۆنی KNN ی تیا دامەزرا، لەپەیامەکەیاندا کە لەسایتی سبەی بڵاوکراوەتەوە هاتوە: "ئێمە ئەوانەی لەدامەزراوەی سبەیدا کاردەکەین، هەوڵ دەدەین بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی ڕۆشناییو گەیاندنی زانیاری ڕاست لەسەر:

- بودجەی ساڵانەی حکومەتو چەندایەتی داهات و چۆنیەتی خەرجی و جۆری دابەشکردنی بەسەر کەرتو ناوچە جیاوازەکاندا.
- لەسەر گفتوگۆی سیاسی و دارایی و سەربازی دەسەڵاتی سیاسی کورد و لایەنەکانی تر.
- لەسەر هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی پایە بەرز لەئەنجامدانی فرمانەکانیان.
- لەسەر بازاڕو ئاشکرا کردنی هۆکارەکانی پاشا گەردانی و گرانی خواردەمەنی و کەلوپەل و

١) قادری حاجی عەلی (چاوپێکەوتن)، سەرچاوەی پێشوو.
٢) یاسین سالح، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٣.
٣) موعتەسەم نەجمەدین، بزوتنەوەی جەماوەری نوێ-بزوتنەوەی گۆڕان بەنمونە، چاپخانەی کاردۆ ٢٠١٨، لا ٧٤.
٤) هەمان سەرچاوە، لا ٧٦.

چۆنیەتیان.

- لەسەر پڕۆژەكانی ئاوەدانیو خزمەتگوزاری و ئاشكرا كردنی هۆكارەكانی دواكەوتنو خراپ جێبەجێكردنیان.

- لەسەر كەچڕەوی دارایی و قانونی ئیداری دام ودەزگا حكومەتیەكان"[١].

دوای خستنە ڕوی پەیام و ئامانجی دامەزراوەی كۆمپانیای ووشە، نەوشیروان مستەفا لە ژمارە ٣٠٩-٣١٣ ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە كەلە ٢١ بۆ ٢٠٠٨/٩/٢٥ دەرچوو بەزنجیرەیەك وتار لەژێر ناونیشانی ئـێمەو ئەوان: ناكۆكیەكانمان لەسەر چین؟ بەڕاشكاوی باسی ناكۆكیەكانی خۆی و برادەرەكانی (ئەوانەی ڕەخنە لەدەسەلآت ئەگرن) لەگەڵ ئەوان واتا (ئەوانەی لەدەسەلآتنو داكۆكی لەدەسەلآت ئەكەن) دەكات، هەر لەزنجیرە وتارەكەدا بانگەشەی بۆ پرۆسەیەكی چاكسازی دەكرد لە پرۆسەی سیاسیو ئابوریو كۆمەلآیەتی لەكوردستاندا و زۆر بە وردی باسی لە بەهەدەربردنی بودجەی هەرێم و داڕوخانی ژێرخانی ئابوری كوردستان و لە بێدادی لەدابەشكردنی موچە و سامانی وڵات و چەندین كێشەی تری گشتی كردووە[٢].

لەم سەرو بەندەدا بیرۆكەی دروست بوونی بزوتنەوەیەكی سیاسی ئۆپۆزسیۆن لەلای خۆیو هاوڕێكانی گەلآڵە بوو. بۆیە لە ٢٠٠٩/٤/٢٦ لە چاوپێكەوتنێكیدا لەرۆژنامەی شەرق ئەوسەتی لەندەنی نەوشیروان مستەفا ڕایگەیاند كەلە هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی كوردستاندا بەلیستێكی جیاواز بەشداری دەكەن، ئەمەش سەرەتای ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی گۆڕان بوو[٣].

بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بلێین هۆكاری سەرەكی دروست بونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەهەرێمی كوردستاندا هەروەك نەوشیروان مستەفا لەوتارەكانیدا ئاماژەی بەهەندێكی دەدا ئەمانە بوون[٤]:

١- نەبونی دادپەروەری لەدابەشكردنی سامانی وڵاتداو نەبونی شەفافیەت لەكاروباری دارایی و ئابوری و بازرگانی.

٢- دەست تێوەردانی حزبی لەكاروباریپەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران و كاروباری دەسەلآتی دادوەری، هەروەها دەست تێوەردانی حزب لەزانكۆكانو لە بازارو....هتد.

٣- لەسەرەتای دروست بوونی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە لە ١٩٩٢ هەردوو حزبی دەسەلآتدار وەك یەك یەك بەشداری حكومەتیان لە ناوخۆیاندا دابەش دەكرد، ئەمە وای كردبوو كەهیچ كام لەم حزبانە یان حزبەكانی تر كێبرِكێ لەنێوانیاندا دروست نەبێت لەپێشكەشكردنی پرۆژەو پلانی باش بۆ بەرەوپێشبردنی هەرێمی كوردستانو باشكردنی بارو گوزەرانی خەڵك، ئەمە ببوە هۆی

١) پەیامی سبەی، بڕوانە سایتی سبەی، لەسەر ئەم بەستەرە:
https://www.sbeiy.com/about.aspx?jimare=3

٢) ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە ٣٠٩بۆ ٣١٣ لە ٢١بۆ ٢٠٠٨/٩/٢٥.

٣) صحيفة شرق الأوسط اللندنية، العدد ١١٠٩٢ -اليوم ٢٠٠٩/٤/١٦.

٤) نەوشیروان مستەفا، ئێمەو ئەوان: ناكۆكیەكانمان لەسەر چین؟ بڕوانە سایتی سبەی، لەسەر ئەم بەستەرە:
https://www.sbeiy.com/Dreje_nwsinakan.aspx?jimare=76

دروست بونی نارەزایی لەلای خەڵك بەرامبەر هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، ئەمەش وای کردبوو کە بۆشاییەك دروست ببێ، بۆیە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە وای کرد کەدەنگی جەماوەرە نارازیەکە بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

٤- نەبوونی هاوپەیمانییەکی کوردی بەهێزو یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە داکۆکی لەکێشە سیاسیەکانی هەرێم بکات.

خاڵێکی زۆر گرنگی تر کە نارەزایی گشتی لێکەوتبۆوە بریتی بوو لە (وابەستەیی) کە مەبەست لەمەش گرێدانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەردوو حیزبە باڵادەستەکەیە بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە، ڕونتر بڵێین هەر لایە و ببوە بەشێك لەئەجندای دەوڵەتێکی هەرێمی، هەرگیز ڕێککەوتنیان نەبوو لەسەر دانانی ستراتیجیەتێکی کوردی سەربەخۆ کە بتوانن پێکەوە بەرەنگاری دوژمنان ببنەوە، بەو شێوەیە ئیرادە لەدەست خۆیاندا نەمابوو بەڵکو هەریەکە ببون بە بەشێك لەستراتیجی بێگانە.

بەگشتی هەوڵو کارەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بە دوو قۆناغی سەرەکیدا گوزەری کردوە، قۆناغی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانداو قۆناغی بەشداری کردن لەدەسەڵاتدا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**یەکەم: بزوتنەوەی گۆڕان وەك ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا:**

لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە چوو، ٢٤ لیست بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کرد بۆ کێبڕکێ کردن لەسەر ١١١ کورسی پەرلەمانی، کەلەئەنجامدا ١١ لیست توانیان ڕێژەی یاسایی بەدەست بهێنن، لەناویاندا بزوتنەوەی گۆڕان یەکێك بوو لەو لیستانەو لە ٢٣،٧٢%ی دەنگەکانی هەرێمی کوردستانی بەدەستهێنا، هەردوو حزبی دەسەڵاتداریش بەیەك لیست بەشداریان کرد بەناوی لیستی کوردستانی کەلە ٥٧،٣٧% ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا[١].

چوار حزبی تریش کە پێکهاتبون لە یەکگرتوی ئیلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بەیەك لیست بەشداریان کرد بە ناوی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی، لە ١٢،٨٤% ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا، واتا ١٣ کورسی، ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە ئەم چوار حزبە لە ئازاری ٢٠٠٨ پرۆژەیەکیان بۆ چاکسازی پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام وەك خۆیان ئاماژەیان پێ دەدا گوایە لەوکاتەدا زەمینە لەبار نەبوو بۆ کاری ئۆپۆزسیۆنیو هەروەها ڕوبەڕوی چەندین هەڕەشە بونەتەوە، بۆیە نەیانتوانیوە بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی دامەزرێننو پرۆژەکەیان سەرکەوتوو نەبوو، هاوپەیمانێتیەکەشیان لەدوای هەڵبژاردن هەڵوەشایەوە دوای ئەوەی هەریەك لە حزبی زەحمەتکێشانو حزبی سۆسیالیست لە پێکهێنانی حکومەتدا بەشداریانکرد، هەر بۆیە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بە شەش کورسیو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە چوار کورسی مانەوە[٢]. دواتر لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕاندا بەرەی

١) سایتی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی، لەسەر ئەم بەستەرە:
http://www.perlemanikurdistan.com/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History

٢) یاسین ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٤١، هەروەها سایتی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم بەستەرە:
http://www.perlemanikurdistan.com/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History

ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیان پێکهێناو بونە چاودێر لە پەرلەمان بەسەر کاروبارەکانی حکومەتدا.

پەرلەمانی کوردستان، لە میانی خولی سێیەمیدا (٢٠٠٩-٢٠١٣)، لەسەر زاری زۆربەی چاودێرانی سیاسی و پەرلەمانتارەکانی ئەوخولەش، پەرلەمانێکی جیاواز بوو لەوانەی پێشوو، لەڕوی چۆنایەتی و چەندایەتیشەوە، چونکە بزوتنەوەی گۆڕان (٢٥) کورسیو دوو حزبە ئیسلامیەکەش (١٠) کورسی، واتا زیاتر لەچارەکی کورسیەکانی پەرلەمان هی ئۆپۆزسێن بوون، بۆیە دەتوانرێ بوترێ چوار ساڵ بوو لە ململانێی توندو نەپچڕاو بۆ ڕێگرتن لە دەسەڵات لە تێپەڕاندنی یاسا گرنگەکان کە دەیانویست لە بەرژەوەندی خۆیان دەری بکەن، ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لەبەرژەوەندی خەڵك بوو، لایەنی ئۆپۆزسیۆن دەیانویست تێی بپەڕێنو ئیشی لەسەر بکەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدار ڕێگریان دەکرد، بۆ نمونە پرۆژە یاسای خانەنشینی پلە تایبەتەکان و پرۆژە یاسای بودجە کەبەهەدەردانێکی گەورە دەکرا لەبودجەدا هەروەها هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، لەگەڵ هەندێ یاسا کە پەیوەندار بوونبە بەرژەوەندی خەڵك وەکو پرۆژە یاسای مافو ئیمتیازاتی پیشەوەرانی مین، هەندێ لەو یاسایانە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرا بەڵام لەلیژنەکانا لەلایەن هەردوو حزبی باڵا دەستەوە ڕێگری دەکرا کە ئیشی لەسەر بکرێ، جگە لەوەی کە هەردوو حزبی باڵا دەست لەو خولەدا ویستیاندەنگ لەسەر ڕەشنوسی دەستور بدرێو تێپەڕێنرێت بەڵام لەبەر ئەوەی دەستورەکە پێویستی بەهەمواركردن هەبوو دەسەڵاتەکان بەتەواوی جیانەکرابۆوە تیایدا بەتایبەتی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم، بۆیە ئۆپۆزسیۆن هەوڵی هەردوو حیزبە باڵادەستەکەیان بۆ دەنگدان لەسەری پەکخست، چونکە دەستورێکی ناتەواو بوو، لەگەڵ زۆر هەڵوێستی تر کە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەسەڵاتی پارتیو یەکێتیان پێ ڕاگرت[١].

لە ٢٠١١/١/٢٩ بزوتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی حەوت خاڵیان بڵاوکردەوە کە تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی کردبوو، بەبڕوای زۆرێك لە ڕۆژنامە نوسو چاودێرانی سیاسی لەمێژوی سیاسی هەرێمی کوردستان ئەو بەیاننامەیەی گۆڕان رچە شکێن بوو لە ڕوی ناوەڕۆكو ئەو زمانەی کە پێی نوسرابوو، بەشێوەیەك هەردوو حزبی دەسەڵاتداری توشی شڵەژان کردبوو بەو ڕادەیەی کە بەیاننامەکەیان بە کودەتایەکی سیاسی ناودەبرد بەسەر دامو دەزگا شەرعیەکانی هەرێمی کوردستان[٢].

لەمانگی شوباتی ٢٠١١و لەدوای ١٩ ڕۆژ لەدەرکردنی ئەو بەیاننامە حەوت خاڵەی گۆڕان، لەژێر کاریگەری چەند هۆکارێك جەماوەری هەندێك لەشارەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شاری سلێمانی، ڕژانە سەر شەقامەکانو خۆپیشاندانێکی گەورەیان ئەنجامدا کە بە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات ناسراوە، کەتیایدا جەماوەر داوایان لەدەسەڵاتدارانی هەرێم کرد کە چاکسازی ڕیشەیی ئەنجام بداتو چاو بە نەبونی خزمەتگوزاری بخشێنێتەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی

---

١) چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ: پەیمان عزالدین (ئەندام پەرلەمان لە خولی سێیەم لەسەر لیستی گۆڕان)، ڕۆژی چاوپێکەوتن ٢٠١٩/٤/٥.

٢) بەیاننامەی بزوتنەوەی گۆڕان دەربارەی هەلومەرجی ئێستای کوردستان، بڕوانە سایتی سبەی لەسەر ئەم بەستەرە: https://www.sbeiy.com/newsdetail2.aspx?jimare=33467

بێکاریو نەبونی دەرفەتی کار بکات[١].

پشگیری کردنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ داواکانی جەماوەر، هێندەی تر ئۆپۆزسیۆنی بەهێز کرد، لەهەمان کاتدا ئەو ڕوداوانەی کە ڕویدا لە ١٧ی شوباتدا ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی یەکخست، سەرەڕای جیاوازی لە بیرو بۆچوندا.

**دووەم: بەشداری کردنی بزوتنەوەی گۆڕان لەدەسەڵاتدا:**

دوای کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی خولی سێیەمی پەرلەمان، لە (٢٠١٣/٩/٢١) پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی کوردستان بەسستمی نیمچە کراوە بەڕێوە چوو، کەتیایدا ٣١ لیست بەشداری پرۆسەکەیانکردو سەرەنجام ١٧ لیست توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن[٢].

دروشمی بزوتنەوەی گۆڕان کە هێزێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن بوو لەم هەڵبژاردنەدا، بەشداری کردن بوو لەدەسەڵاتدا، هەروەك لەبەرنامەی سەرەکی لیستی ١١٧ی بزووتنەوەکەدا دیاری کرابوو، لەو چاوپێکەوتنانەشدا کە نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەکە جەختی لەسەر دەکردەوە و دەیوت (کاتی ئەوە هاتوە دەسەڵات وەربگرین) هەروەها ئەوەشی دەخستە ڕوو کە ئەوان لەماوەی چوار ساڵی ڕابردودا توانیویانە کەموکوڕیەکانی سەرجەم وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم دیاری بکەن و ئێستاش ئامادەن بۆ پێکهێنانی حکومەت و بەڕێوبردنی وڵات[٣].

لەئەزمونی کاری سیاسیدا لەپێناوی گەیشتن بەدەسەڵات چەند فۆرمێك هەیە کە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی جیهان بەشێوەیەکی ئاشتیانە پەیڕەوی دەکەن، دیارترین ئەو فۆرمانەش:-

١- کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی دەسەڵات لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە:

ئەمە کاتێك ڕوئەدات کە ئۆپۆزسیۆن دەنگی تەواو (زۆرینەی ڕەها - واتا ٥٠+١% و زیاتر) لە دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بەشێوەیەك کەبتوانێ بەتەنیای خۆی یاخود لەگەڵ حزبێك یان چەند حزبێکی دیکەدا لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێککەوتنو ببنە هاوپەیمانو حکومەت پێکبهێنن[٤].

١- دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن و پارتەکانی دەسەڵاتدا:

ئەم فۆرمەیان کاتێك پیادە دەکرێ کە ئۆپۆزسیۆن وەك هێزێکی خاوەن فشارو خاوەن نفوزی خۆی وا لە دەسەڵات بکات کە قبوڵی بکاتو دەسەڵاتی لەگەڵدا دابەش بکات، یاخود دەسەڵات بگاتە ئەو قەناعەتەی کە لەپێناو چاکسازیو دیموکراسیدا لایەنی ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتی لەگەڵدا

١) ٨ ساڵ بەسەر خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات تێدەپەڕێت، بڕوانە سایتی زێد نیوز لەسەر ئەم بەستەرە::
http://zednews.net/news.aspx?id=1457&mapid=1

٢) سایتی پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو.

٣) نەوشیروان مستەفا، دەسەڵات وەردەگرین نەك دەچینە دەسەڵات، ٢٠١٣/٩/١٤، بڕوانە سایتی سبەی، لەسەر ئەم بەستەرە:
https://www.sbeiy.com/Dreje.aspx?jimare=69

٤) عبدالاله بلقيز ، المصدر السابق، ص ١٤؛ و طه عمر رشيد، المصدر السابق، ص ٣٧.

بگرێته دەست[١].

١- بەشداریکردنی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن لەدەسەڵاتدا:

ئەم شێوازە کە شێوازی بەشداری کردنی ئۆپۆزسیۆنە لە دەسەڵاتدا بەشێوەیەکی شەرمنانە (متواضع)، کەتیایدا بەشێکی کەم لەدامودەزگاکانی جێبەجێکردن دەدرێت بە ئۆپۆزسیۆن و هیچ دەسەڵاتێکی کاریگەری ئەوتۆی نابێت، ئۆپۆزسیۆن تەنها بەشدار ئەبێت لە حکومەتێکی ئیئتیلافیدا[٢].

بەپێی ئەو دەنگانەی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی پەرلەماندا هێنای کە (٤٧٦،٧٣٨) دەنگ بوو لەکۆی (١،٩٥٥،٢٣٨) دەنگ، کە دەیکردە (٢٤) کورسی پەرلەمانی، واتا دوای پارتی دیموکراتی کوردستان دوەم براوە بوو[٣]. کە بەپێی ئەو دەنگانە دەبوایە دەسەڵات فۆرمی دوەمی لەگەڵ گۆڕاندا پیادە بکردایەو دەسەڵاتی لەگەڵدا دابەش بکردایە، بەڵام ئەوەی کە ڕوی دا بەشداری کردنی بزوتنەوەی گۆڕان وهێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆن لە دەسەڵاتدا بەشداریەکی شەرمنانە بوو، کەئەمەش بوە هۆی ئەوەی ئۆپۆزسیۆن نەتوانێ ڕۆڵێکی باش لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا بگێڕێو گۆڕانکاری بکات، بۆیە بەرەو پاشەکشەو جۆرێك لە لاوازی چوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی پرۆژەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە لەلایەن چوار لایەنەوە (گۆڕان، یەکێتی، کۆمەڵ، یەکگرتوو) ڕێککەوتنێکی لەسەر کرابوو کە تیایدا پێشنیار کرابوو گۆڕانکاری تەواو بکرێ لەشێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانیدا، بەڵام کۆبونەوەکانی دوایی پەرلەمان وەك خۆی نەڕۆیشتو هەندێك لایەن پەشیمان بونەوە، کە ئەمە وای لە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد سزای بزوتنەوەی گۆڕان وەك بزوێنەری ئەم گۆڕانکاریانە بداتو ڕێ لە سەرۆکی پەرلەمان بگرێت کە لەسەر پشکی گۆڕان بوو و نەهێڵێت بچێتە ناو پەرلەمانو هەموو وەزیرەکانی گۆڕانیش بنێرێتەوە ماڵەوە، بەمەش ئەوەندەی ترئەو حزبانەی کە پێشتر ئۆپۆزسیۆن بوون بەرەو لاوازی ڕۆشتن بەتایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان، هۆکاری ئەم لاوازییەش بۆ چەند فاکتەرێکی دەرەکی و ناوەکی کە پەیوەندیداربوو بە ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕانەوە، کە لەبەشی سێیەمدا ئاماژەی بۆ دەکەین.

---

١) عبدالاله بلقيز ، المصدر السابق، ص ١٤.

٢) طه عمر رشيد، المصدر السابق ، ص ٣٨.

٣) سایتی پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو.

## بەشی سێیەم: لاوازبوونی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لەهەرێمی کوردستاندا:

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ توێژینەوە لە هۆکارەکانی لاوازبوونی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی بەگشتی و لە ناویشیاندا بزوتنەوەی گۆڕان بەتایبەتی، هەر لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانەوە تائێستا، ئەوەش لە دوو باسدا خراوەتە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

### باسی یەکەم: هۆکارەکانی لاواز بوونی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان:

لەگەڵ چونی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ ناو حکومەت ئاستەنگو ڕێگریەکان وردە وردە سەریان هەڵدا، دەتوانین بڵێین دوو جۆر هۆکار بوونە هۆی دروست بوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا کە دوچار بوونە هۆی لاوازبوونی، ئەوانیش (هۆکارە بابەتییەکان) کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دۆخی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لەگەڵ (هۆکارە خودییەکان) کە پەیوەندییان بە ناوخۆی ئۆپۆزسیۆن و چۆنیەتی بڕیاردان و پلان دانانیانەوە هەیە، لێرەدا سەرەتا هۆکارە بابەتی و خودییەکانی لاوازبوونی ئۆپۆزسیۆن بەگشتی دەخەینەڕوو، دواتر بەتایبەت باسی هۆکارەکانی لاوازبوونی بزوتنەوەی گۆڕان دەکەین وەک نمونەیەکی بەرچاوی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە:

### یەکەم: هۆکارە بابەتییەکان:

١- چوونی بزوتنەوەی گۆڕان و حزبەکانی تری ئۆپۆزسیۆن بۆ ناو حکومەت لە قۆناغێکدا بوو کە دوای ماوەیەکی کورت عێراقو هەرێمی کوردستان ڕوبەڕوی جەنگی داعش بوونەوە، پاشان دابەزینی نرخی نەوتو داڕمانی ئابوریو دارایی هەرێم دەستیپێکرد، لەگەڵ کەڵەکە بوونی قەرزێکی زۆری کۆمپانیاکانی نەوتو غاز لای حکومەتی هەرێم، ئەمانەو چەندین هۆکاری تر هەموویان بوون بە بارگرانیەکی گەورە بۆ سەر حکومەتو کۆمەڵگا، لەم دۆخەدا چاکسازییو ریفۆرم کە لەلایەن گۆڕانو چەند حزبێکی تر دروشمەکەی بەرزکرابۆوە، لەناو گەندەڵیەکی بێوێنەو مەترسیەکانی جەنگی داعشدا، زەحمەت بوو بەرەنگاری بکرێتەوە[1].

٢- بە ڕای هەندێك لە چاودێرو شارەزایانی بواری سیاسیو ڕۆشنبیران، ئەو سستەمی حوکمڕانیو پەرلەمانیەی کە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، تەنها بەناو سستەمە، ئەوەی کە ئەگوزەرێ تەنها مومارەسەی سیاسیە، مومارەسەی کۆمەڵێك گروپی شۆڕشگێر کە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەئازادکردنی کوردستانی باشور بەشداربوون، ئەم گروپە لەبری ئەوەی دامەزراوە بنیاد بنێن و یاسا داڕێژن و خۆیان لەگەڵ یاسا و دامەزراوەکاندا بگونجێنن، بەپێچەوانەوە یاساکانیان لەگەڵ خۆیاندا گونجاند، ئەمەش وای کرد تارادەیەك بوارێك نەمێنێتەوە بۆ دیموکراسیو سەروەری یاساو دامەزراوە، نمونەش بۆ ئەوە هیچ جارێك خولی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجام نەدراوەو نادرێت، هەرگیز نازانرێت هەڵبژاردنی داهاتوو لە کەیا ئەنجام ئەدرێت؟، وادەی پێکهێنانی حکومەت لەدوای

---

١) چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ: ئاراس فەتاح (نوسەرو ڕۆشنبیر)، ڕۆژی چاوپێکەوتن: ٢٠١٩/٤/٢٠.

هەڵبژاردنەکان هەرگیز دیاری ناکرێت، ئەمانە هەموی بە مەزاجی گروپو تاقمێك دیاری ئەکرێت نەك بەپێی سیستەم و یاسا[(١)].

٣- سەرەتای دروست بوونی حکومەتی بنکە فراوان (کابینەی هەشتەم) سەرەتایەکی خراپ بوو، چونکە هەموو حزبە دیارەکانی کوردستان تیایدا بەشدار بوون، لەکاتێکا لەهەموو دنیای دیموکراسیدا کاتێك حزبێك یان دوو حزب زۆرینەی رەها (واتا ٥٠+ ١) پێکبهێنن حکومەت تەشکیل ئەکەن و حزبەکانی تر لەدەرەوەی حکومەت دەبن[(٢)].

٤- دەسەڵات بە وریایی زیاترەوە مامەڵەی لەگەڵ چونی ئۆپۆزسیۆن کرد بۆ ناو حکومەت، بۆ ئەوەی نەهێڵێت بەڵێنەکانی بهێنێتە دیو سودمەند بێت لەبەشداری حکومەتدا بۆیە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان هەر لەیەکەم رۆژەکانی بەشداری کردنیان روبەڕوی کێشەی گەورەو جدی بونەوە، هەردوو حزبی دەسەڵاتدار دژایەتی گەورەی دەکردنو هەوڵیان دەدا بەربەستیان بۆ دروست بکەن، بە فعلیش توانیان ئەو حزبانەو بەتایبەتی گۆڕان لەبەردەم جەماوەردا ئیحراج بکەن[(٣)].

٥- کێشەیەکی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو دامودەزگاکانییەوە (ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی یاسادانان و دەزگای دادوەری) دەسەڵات و بڕیاردان لەدەست خۆیاندا نییە، بەڵکو بڕیار لەحزبەوە دەردەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە بیەوێ بڕیارێك دەربکات دەبێ پێشتر هەماهەنگی بکات لەگەڵ هێزەکانی ٧٠ و ٨٠)* داو بڕیاری کۆتایی لەوانەوە وەربگرێت، نمونەیەکی تر وەزارەتی داراییە، ئەگەر وەزارەتی دارایی بیەوێت پارە دابین بکات بۆ پرۆژەیەك یاخود بیەوێ موچەی مانگانە دابین بکات دەبێ پەیوەندی بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە بکات، واتا لەجیاتی ئەوەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان وەزارەتێکی تەکنیکی بێتو کاری پسپۆری خۆی

---

١) چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ د. محمد عەلی ئەحمەد (بەرپرسی پێشووی ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان)، رۆژی چاوپێکەوتن: ٢٠١٩/٤/٢٥.

٢) سەرچاوەی پێشوو.

٣) چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ: د. ئسماعیل نامیق (بەرپرسی ژوری یاسایی بزووتنەوەی گۆڕان)، رۆژی چاوپێکەوتن ٢٠١٩/٤/١٥.

* هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ دوو هێزی نیمچە نیزامین، کە بەهەردوکیان لەگەڵ چەند لیوایەکی تێکەڵدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکدێننو سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەن، ئەم دوو هێزە لەسەرەتادا لەپێشمەرگەو هێزی ڕێکخستنو کەسانی خۆبەخش دروستکران لەژێر فەرماندەیی هەردوو حزبی دەسەڵاتدا(هێزی ٧٠ سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو هێزی ٨٠ سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانە) لەسەرەتای دروستکردنیاندا فەرماندەکانی شاخ بونەوە بە فەرماندەی ئەم هێزانە بەخوێندەوارو نەخوێندەوارەوە، پاشان دەوڵەمەندکران بەو گەنجو کەسانەی کەلەکۆلیجەکانی سەربازی هەردوو حزب دەردەچون. لەگەڵ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستان بڕیار وابوو کەئەم دوو هێزەش بێن بەیەکو ببێتە هێزێکی یەکگرتوی نیشتیمانی، بەڵام ئەم دوو حزبە ڕێگر بوون لەیەکگرتنەوەیان لەبەر ئەوەی متمانەیان بەیەکتر نەبوو، هەر لایەنەو هەوڵی ئەدا کەهێزێکی سەربازی کاریگەری هەبێت لەژێر دەسەڵاتو فەرمانی خۆیدا بێت، دیارە ئەو بێ متمانەییە وای کردوە کە هەمیشە بیر لەشەری ناوخۆ بکرێتەوە، کە لەو کاتەدا هێزی سەربازی حزب بۆ پاراستنی حزبو دەسەڵاتو بەرژەوەندیەکانیان بەکار دەهێنرێن. (قادری حاجی عەلی (چاوپێکەوتن)، سەرچاوەی پێشوو).

بەڕێوە ببات، بووە بە دەزگایەکی باڵا دەست و بڕیار لەسەر دارایی و ئابوری وڵات ئەدات، کە ئەمە لەهیچ وڵاتێکی دامەزراوەییدا نییە، تەنانەت لەحکومەتی ناوەندی عێراقیش بەو شێوەیە نییە[١].

**دووەم: هۆکارە خودییەکان:**

١- کاتێك گۆڕان و حزبەکانی تری ئۆپۆزسیۆن بڕیاریان دا بەشداری بکەن لەحکومەتدا نیەتیان ئەوەبوو حکومەت بگۆڕێت، بەڵام لەم بڕیارەیاندا حساباتی وردیان نەکردبوو، چونکە زەحمەتە کەمینەیەك لە پەرلەماندا هێزو ئابوری بەدەستەوە نەبێت بیەوێت ئەو واقعە بگۆڕێت[٢]. واتا بەهەڵە تێگەیشتنی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بەتایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ چەمکی دەسەڵاتو میکانیزمەکانی کارکردنی لەناو دەزگاو کۆمەڵگا هۆکارێك بوو[٣].

٢- شێوازی نادروستی دانان و هەڵبژاردنی ئەو کادرانەی کە لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕان و حیزبەکانی ترەوە هەڵبژێردران بۆ پڕکردنەوەی پۆستە حکومیەکان، هەروەها نەبونی بەدواداچونی دەزگایی بۆ کارو پلانەکانیان و غیابی پلانێکی زەمەنی بۆ ڕێککەوتنەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، هەموو ئەمانە وایانکرد کە بزوتنەوەی گۆڕان و حزبەکانیتری ئۆپۆزسیۆن نەتوانن خۆیان واقیع دروست بکەن، بەڵکو چاوەڕوانی قەدەری سیاسیان دەکرد[٤].

٣- بزوتنەوەی گۆڕان کە گەورەترین حزبی ئۆپۆزسیۆن بوو لەڕوی ژمارەی کورسیەوە، ئەمە وای کرد پشکی زیاتری بەرکەوێت لە پۆستەکانی حکومەت، بەڵام چ لەئاستی حوکمڕانی مەرکەزی لە هەولێر، چ لە ئاستی حکومەتی خۆجێیی لەپارێزگای سلێمانی نەیتوانی مۆدێلێکی نوێ لەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان نیشان بدات، تەنانەت نەیتوانی لەشارێکی بچوکیشدا وێنەیەکی تری حوکمڕانی جیاواز لەوان پێشکەش بکات[٥].

٤- لەئاستی پەیوەندی دەرەکیشدا بزوتنەوەی گۆڕان خراپترین کاری دبلۆماسی پێشکەش کرد، لە کاتێکدا ئەم بزوتنەوەیە سەرۆکی پەرلەمانەکەی دەرکرابوو، وەزیرەکانی نێردرابونەوە ماڵەوە، بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوەیە بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوانی یەك پەرلەمانی ئەوروپی بهێنێتە سەر خەت بۆ ئەوەی بەرگری لەو هەڕەشانە بکات کە ئەزمونی دیموکراسی لە کوردستان ڕوبەڕوی دەبێتەوەو حوکمەتە ڕۆژئاواییەکان کە بەپارەو بە چەك کۆمەکی حکومەتی هەرێمیان دەکرد بێنە سەر خەتو فشار بخەنە سەر سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتی کوردستان. واتا بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوانی نە لەناوەوە خۆی بەدەزگایی بکات، نە توانی لە دەرەوەش چەمکی دەزگاییکردن پیادە بکات[٦].

٥- لاوازی هەڵوێست و کاردانەوەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرامبەر ڕەفتاری نەرێنی دەسەڵات، بۆ نمونە دوای ئەوەی لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم پەرلەمان پەکخراو ڕێگری لە سەرۆکی

١) د. محەمەد عەلی ئەحمەد (چاوپێکەوتن)، سەرچاوەی پێشوو.
٢) سەرچاوەی پێشوو.
٣) ئاراس فەتاح (چاوپێکەوتن)، سەرچاوەی پێشوو.
٤) هەمان سەرچاوە.
٥) هەمان سەرچاوە.
٦) هەمان سەرچاوە.

پەرلەمان کرا بچێتە پەرلەمانو وەزیرەکانی گۆڕانیش نێردرانەوە ماڵەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان توانی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانو (بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیشەوە) پەرتەوازە بکات، تەنانەت لەناو خودی بزوتنەوەی گۆڕانیشدا رای جیاواز دروست بوو لەسەر مەسەلەی داخستنی پەرلەمان، کاریگەری پارتی لەسەر ئەو هێزانە وای کرد کە لاوازبنو نەتوانن ڕوبەڕوی ئەو هەژمونە گەورەیەی دەسەلات ببنەوە[1]. هەر بۆیە کاردانەوەکانی لەبەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاستی خۆیدا نەبوو، ئەمەش بێهیوایی خەڵکی لەو بزوتنەوەیە دروست کرد[2].

ئەمە ئەو ئاستەنگانە بوون کە هاتنە بەردەم ئۆپۆزسیۆنوبەرەو لاوازی برد لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ پەرتەوازەیی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانو لاوازبوونی بزوتنەوەی گۆڕان وەك هێزێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆنو بزوتنەوەیەکی جەماوەری کەلەدروستبونیەوەو لەماوەیەکی کەمدا توانی متمانەی ڕێژەیەکی زۆر لەجەماوەری هەرێمی کوردستان بەدەست بهێنێتو ببێتە حزبی دوەم لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان لە ٢٠١٣ دا، بەڵام لە دوای چوار ساڵ ئەو پێگە جەماوەریەی خۆی لەدەستداو لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستانو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ڕێژەی کورسیەکانی بون بە نیو ئەوەندەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، بۆیە لە باسی دوەمدا ئەو هۆکارانە دەخەینە ڕوو کە بونە هۆکاری لاواز بوونی ئەم بزوتنەوەیە لە ئێستادا.

**باسی دوەم: هۆکارەکانی لاوازبوونی بزوتنەوەی گۆڕان وەك هێزێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن:**

وێڕای ئەو هۆکارە گشتییە بابەتی و خودییانەی لە باسی پێشوو خستمانەڕوو، لەپشت لاوازبوونی بزوتنەوەی گۆڕان وەک کاراترین هێز لە ناو پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان چەندین هۆکاری جیاواز هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- بزوتنەوەی گۆڕان، هاوشێوەی حزبەکانیتری ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی کە یەکەم جار بوو بچنە ناو حکومەت، بەجۆرێك لە جۆرەکان سوودو ئیمتیازو پلەو پۆستی حکومەت زاڵ بوو بەسەر شێوازی بیرکردنەوەو بڕیاردانیان، قەناعەتێکی وایان لادروست بوو کە ئەگەر لەدەرەوەی حکومەت بن حزبەکانیان توشی قەیرانی دارایی دەبێت، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی توشی قەیرانی دارایی ببوو بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتو شەڕی داعشەوە، ئەمە وای کرد هەندێ لەو حزبانە جارێکی تر دەرەوەی حکومەت هەڵنەبژێرن، جگە لە مەسەلەی قەیرانی دارایی هەندێك لە بڕیار بەدەستانی بزوتنەوەی گۆڕان پێیان وابوو کە ئەگەر بچنە حکومەت ئەوا بەهۆی ئەو پلەو پۆستانەی وەری دەگرن خەڵکانێکی زۆر بەدەوریان دەمێنێتەوە، واتا پلەو پۆستو دەسەلات زاڵ ببوو بەسەر ئەقڵیەتی هەندێ لەبڕیار بەدەستانی بزوتنەوەی گۆڕان لە جیاتی بنەما و پرەنسیب و ئەو

---

١) د. محەمەد عەلی ئەحمەد (چاوپێکەوتن)، سەرچاوەی پێشوو.

٢) چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ: سۆران عومەر، (ئەندام پەرلەمان لەخولی چوارەمی پەرلەمان لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی)، ڕۆژی چاوپێکەوتن: ٢٠١٩/٤/٢١.

ئامانجە سەرەکیانەی کە بزوتنەوەکە لە پێناویدا دامەزرا بوو، ئەمە وای لەبزوتنەوەکە کرد کە ئفلیج بێت و نەتوانێ بەرگری لە بنەماکانی خۆی بکات، نمونەش بۆ ئەمە بێدەنگی کەناڵی ڕاگەیاندنەکەی و پەرلەمانتارەکانی و بەرپرسەکانیەتی لەماوەی ڕابردوودا بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەکرا، واتا شێوازی گوتار و مامەڵەیان لە حزبێکی ئۆپۆزسیۆن گۆڕا بۆ حزبێکی دەسەڵاتداری وەك پارتی و یەکێتی[١].

٢- دوای پەرتەوازە بوونی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان، تێگەیشتنێك دروست بوو لەناو ئەو حزبانە و تەنانەت لەناو خودی بزوتنەوەی گۆڕانیش کە وا گۆڕانکاری گەورە ئەستەمە لە کوردستاندا، ئەمەش بەجۆرێك لە جۆرەکان ملدان بوو بەو واقعەی هەیە: دوو ناوچە نفوزی دەسەڵات، دوو حزب، دوو هێزی پێشمەرگە، کە ئەمە ڕوو بەڕوو بونەوەیان ئەستەمە، ئەم تێگەیشتنە زیاتر لە دوای داخستنی پەرلەمانەوە زاڵ بوو، جۆرە قەناعەتێکی ناڕاستەوخۆی لای کادرەکانی بزوتنەوەکە دروستکردبوو، کە ئەویش ئەوەیە خەباتی پەرلەمانیو دەنگدان کاریگەری نیەو زۆرترین دەنگیش بەدەست بهێنن هیچ ناگۆڕێت، ئەم قسەیە لەناو خەڵکی سادەشدا دەکرا، ئەمەش جۆرێك لە پاشەکشەی دروستکرد لەو بیروباوەڕو دروشمانەی کە پێشتر بڕوایان پێی بوو.[٢] ئەو دروشمو گوتارانەی کە پێشتر ببونە گوتاری باڵادەست، زمانو ڕخنەکانی ببوون بە زمانو ڕەخنەی زۆرینەی گروپە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام بە بۆچونی زۆرێك لەچاودێرانی سیاسیو ڕۆشنبیران گەیشتن بەدەسەڵاتو بوون بەهێزێکی حوکمڕان لە دونیای سیاسی هەرێمی کوردستاندا میکانیزمی تری لە پشتەوەیە، هەردوو حزبی باڵادەست چەندین میتۆدو ستراتیژیان هەیە کە ناهێڵن لە هەڵبژاردنەکاندا بدۆڕێن، پارتە دەسەڵاتدارەکان لە هەرێمی کوردستاندا توانای ئەوەیان هەیە ڕێگە لەدەستاوەستکردنی دەسەڵات بگرن بۆیە ڕاستە کەگۆڕان لەماوەیەکی کەمدا بوو بەهێزێکی باڵادەست، بەڵام لەوەدا شکستی هێنا ببێت بە هێزێکی حوکمڕان، واتا نەیتوانی باڵادەستی خۆی بگۆڕێت بۆ حوکمڕانی[٣].

٣- جگە لەوەی کەلەگەڵ دروست بوونی بزوتنەوەی گۆڕان وەك هێزێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن، هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی پرۆسەی چاکسازیو دژایەتی گەندەڵی پەکبخرێت، لەهەمان کاتدا پرۆسەی بێزرخکردنی بکەرە سیاسیە نوێکانی ناو بزوتنەوەکە بەشێوەیەکی سستماتیك بەڕیوە دەچوو، ئەویش بە پێدانی ئیمتیازاتو پلەو پۆست لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ ئەوەی واز لە بزوتنەوەکە بهێنن، بۆیە توانیان لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا ژمارەیەك لەکەسایەتیە دیارو نوێکانی ناو بزوتنەوەکە بهێننە ناو ڕیزەکانی خۆیان[٤].

٤- کاتێك یاسای هەموارکردنی سەرۆکایەتی هەرێم لە ٢٠١٥ لەپەرلەمان کێشەی لەسەر دروست بوو، لەناو بزوتنەوەی گۆڕانیشدا جۆرێك لە خیلافو ڕای جیاواز دروست بوو لەسەر مامەڵە کردن لەسەر ئەو پرسە، ئەمە وای کرد بزوتنەوەکە بەجۆرێك لەجۆرەکان پەرتەوازە بێت، چونکە چەند

١) د. محەمەد عەلی ئەحمەد (چاوپێکەوتن)، سەرچاوەی پێشوو.
٢) هەمان سەرچاوە.
٣) ئاراس فەتاح (چاوپێکەوتن)، سەرچاوەی پێشوو
٤) هەمان سەرچاوە.

سەنتەرێك هەبوو لەناو بزوتنەوەی گۆڕاندا كە ڕای جیاوازیان هەبوو وەكاریگەریشیان هەبوو لەسەر جوڵەو بڕیارەكانی ناو بزوتنەوەكە[١].

٥- گۆڕان لەدوای نەخۆش كەوتنی ڕێكخەری گشتیەكەی كە نەوشیروان مستەفا بوو، توشی كێشە بوو، لەبەر ئەوەی تا ئەو ساتە وەختەش پەیكەری ڕێكخراوەیی بزوتنەوەكە بە پێی ئەو دەستورەی بۆی نوسرابۆوە، تەواو نەكرابوو، ئەوەی كە هەبوو تەنها جڤاتی نیشتیمانی بوو، كە ئەویش توانای بڕیاردانی نەبوو، لەكاتێكدا چوار ساڵ بەسەر تێپەڕیبوو بەسەر هەڵبژاردنە ناوخۆییەكان، بەڵام نە خانەی ڕاپەڕاندن پێكهاتبوو نە هەڵبژاردنیش بۆ جڤاتی نیشتیمانی* كرابۆوە ، لەكاتێكدا دبوایە بەپێی دەستور هەردوو ساڵ جارێك هەڵبژاردن بكرایە. لەهەمان كاتدا ڕێكخەرێكی كاتیش دەستنیشان نەكرابوو بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییانە، ئەمانە هەموی كاریگەرییان هەبوو لەسەر جوڵەو بڕیارەكانی بزوتنەوەكە. هەر بۆیە لەدوای كۆچی نەوشیروان مستەفا بزوتنەوەكە ڕووبەڕوی كێشەی بونیادنانی گەورە بۆوە، كێشەی ناسنامە، كێشەی سەركردایەتی، كێشەی بڕیاردان، كێشەی گوتارو چەندین كێشەی تر، كە ئەو كێشانە وایانكرد جوڵە سیاسییەكانی سست بێت یان هەر نەمێنێت[٢]. هەرچەندە دوای كۆچی دوایی ڕێكخەری گشتی بەماوەیەكی كەم خانەی ڕاپەڕاندنو ڕێكخەری نوێ هەڵبژێردران، بەڵام خانەی ڕاپەڕاندن بە بۆچونی زۆربەی دەنگدەرانو هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی گۆڕان خانەیەكی بێتواناو بێ ڕوئیاو بێ پلان بوو، ئەمەش وای كرد كە بزوتنەوەكە توانای ئۆپۆزسیۆن بوون لەدەست بدات، بۆیە بڕیاری دا جارێكی تر بەشداری لە حكومەتدا بكاتەوە[٣]. بە واتایەكی تر دوای كۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا كەسانێك جڵەوی كارەكانیان كەوتە دەست بیركردنەوەیان بۆ كاری گۆڕان وەك سەردەمی نەوشیروان مستەفا نەمابوو، بەڵكو زیاتر بەشوێن چونە ناو حكومەتو دەست كەوتنی پلەو پۆستەوە بوون[٤].

٦- جگە لەمانەش، لە دوای كۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا كێشەی تر لەناو بزوتنەوەكە سەری هەڵدا، كە ئەویش بە بنەماڵەییكردنی بزوتنەوەكە و بەهێزكردنی پێگەی هەردوو كوڕی ڕێكخەری گشتی كۆچكردوو بوو، بە تەوریسكردنی هەموو موڵكو ماڵو دەزگا سەرەكیەكانی بزوتنەوەكە لەسەریان و ڕێگەدانیان، بەبڕیاردان لەسەر پرسە سەرەكیەكانی بزوتنەوەكە بەبێ ئەوەی

---

١) د. محەمەد عەلی ئەحمەد (چاوپێكەوتن)، سەرچاوەی پێشوو.

* بە پێی پەیكەری ڕیكخراوەیی بزوتنەوەی گۆڕان، خانەی ڕاپەڕاندن بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێكردنە لەناو بزوتنەوەی گۆڕاندا لە حەوت ئەندام پێكدێن بە ڕێكخەری گشتیەوە، جڤاتی نیشتیمانیش كە لەناو پەیكەری ڕیكخراوەیدا بە ئەنجومەنی گشتی ناوی براوە نزیكەی ٥٦ ئەندامن، بەرزترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو كۆنگرەدا. بڕوانە: پەیكەری ڕیكخراوەیی بزووتنەوەی گۆڕان، سایتی فەرمی گۆڕان، بەرواری سەردانكردنی ٢٠١٩/٤/٢٠، لەسەر ئەم بەستەرە:

https://gorran.net/paiker.aspx

٢) د. ئسماعیل نامیق (چاوپێكەوتن)، سەرچاوەی پێشوو.

٣) د. محەمەد عەلی ئەحمەد (چاوپێكەوتن)، سەرچاوەی پێشوو.

٤) سۆران عومەر (چاوپێكەوتن)، سەرچاوەی پێشوو.

هیچ پێگەیەکی ڕەسمیان لەناو بزوتنەوەکەدا هەبێت، کە ئەم مۆدێلە واتا مۆدێلی تەوریسی سیاسی، نەوشیروان مستەفا بەدرێژایی تەمەنی سیاسی خۆی دژایەتی دەکرد[١].

هەر لەبەر ڕۆشنایی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە دەردەکەوێت کە ڕای جیاوازو دژ بەیەك لەناو هەناوی بزوتنەوەکەدا دروست ببوو، لەکاتێکدا دەنگو ڕەنگو بۆچونی ڕادیکاڵانەترو دروستتر واقیعبینانەتریش لەوەی کە دواتر بزوتنەوەکەی پێیدا تێدەپەڕی هەبوو، بەڵام هەروەك لەسەرچاوەکاندا ئاماژەی پێدراوە دەستەگەریو بەرژەوەندی دەستی بنەماڵە بڕیارەکانیان ئاوەژوو کردەوە، کە ڕەنگە یەکێك لەفاکتەرەکانی تریش دەستی دەرەکی بوبێت لەبڕیارەکانی سەرکردایەتی بزوتنەوەکەدا. هەر لەو چوارچێوەیەدا چەندین بڕیاری گرنگ هەبوو کەدەکرا پێچەوانەی ئەو واقعەی دروست بکردایە، بەڵام بەهۆی دەسەڵاتی دەستەگەریەوە نەکرا، بۆ نمونە بزوتنەوەکە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ وە لەدوای داخستنی پەرلەمان دەیتوانی بەفەرمی لەحکومەت بکشێتەوە، بۆ ئەوەی لێپرسراوێتی هەڵەکانی ئەو حکومەتەی لەئەستۆ نەگرتایە، بەتایبەتی کە بەڕای زۆربەی لایەنگرانیو دەنگدەرانی سەرەتای ئفلیج بوونی بزوتنەوەی گۆڕان، وەك هێزێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن و هێزێکی گەورەی جەماوەری، لە شکستی خەباتی پەرلەمانی و بەشداری کردنیان لەحکومەت و دواتر داخستنی پەرلەمانەوە دەست پێ کرد.

جگە لەوەش لای زۆرێك لە لایەنگرانو هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەکە وا بوو کە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کە لە ٢٠١٩/٩/٢٥ بەڕێوە چوو جگە لەکارتێك بۆ هەندێ مەبەستی دیاریکراو هیچی تر نەبوو، بۆیە سەرکردایەتی بزوتنەوەکە دەیانتوانی هەڵوێستێکی ڕوونیان هەبێتو ئەو بڕیارەی کە لە دوا ساتەکاندا دایان نەبوایەتە خاڵێکی سلبی و دواتر لەسەریان بکەوێت، هەروەها لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر* دەکرا لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەسەرکردایەتی گۆڕان خۆیان وەك ئەڵتەرناتیڤێك نیشان بدەنو خۆیان بکەنە خاوەنی بڕیارو گفتۆگۆ لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و ئەمریکا و لایەنەکانی تریش بکات، بۆ ئەوەی ئەوان وەك مەرجەع و بڕیاردەر بناسرێن کە بەمەش هێزو پێگەیەکی تایبەتیان پەیدا دەکرد، بەڵام سەرکردایەتی بزوتنەوەکە نەیتوانی هەنگاوی لەو چەشنە بنێت.

وێڕای هەموو ئەمانەش بزوتنەوەی گۆڕان دەیتوانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە٢٠١٨/٥/٢١ قبوڵ نەکات، لەکاتێکدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ساختەکارییەکی زۆر لەهەڵبژاردنەکاندا کراوە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە دەنگەکانیان کەم بکات، بەڵام قبوڵیان

---

١) ئاراس فەتاح (چاوپێکەوتن)، سەرچاوەی پێشوو.

* لەدوای ئەوەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (مەسعود بەرزانی) بانگەشەی بۆ ڕیفراندۆم کردو لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/٢٥ ڕاپرسی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئەنجام درا، هیچکام لە وڵاتە زلهێزەکانو دەوڵەتە ئقلیمیەکانیش دانیان نەنا بەو ڕاپرسیەدا، حکومەتی مەرکەزیش ئابلۆقەی خستە سەر هەرێمی کوردستانو لە شانزەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هێرشی کردە سەر هێزی پێشمەرگە لەکەرکوكو لەشارەکە دوری خستنەوە.بەم ڕوداوە نوێیەش پێگەی هەردوو حزبی دەسەڵات لای خەڵك و دۆستانی کوردیش بەرەو لاوازی ڕۆشت، د. محەمەد عەلی ئەحمەد (چاوپێکەوتن)، سەرچاوەی پێشوو.

كردو بەمەش زەرەرێكی زۆریان لە بزوتنەوەكەداو وایان لە دەنگدەرانی خۆیان كرد كە متمانەیان نەمێنێتو زۆربەی دەنگدەرەكانیان لەهەڵبژاردنەكانی ٢٠١٨/٩/٣٠ ی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستانبایكۆتی هەڵبژاردنەكە بكەنو نیوەی دەنگەكانیان لەدەست بدەن.

لەهەموو ئەمانەی كەباسكرالەسەرەوە دەردەكەوێت كە بزوتنەوەی گۆڕان وەك هێزێكی ئۆپۆزسیۆن نەك هەر لاواز بوو بەڵكو ڕۆڵی گاریگەریشی نەماوە لە سیستمی سیاسیدا، لەگوتاری سیاسیشدا حزبێكە وەك ئەو حزبانەی تری هەرێمی كوردستان، بەڵام بەهێزێكی كەم ولاوازەوە كە نیوەی جارانە.

ڕاستە هەروەك لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا هیچ حزبێكی ئۆپۆزسیۆن تاسەر بە ئۆپۆزسیۆنی نامێنێتەوەو ئامانجی بەشداری كردنی دەسەڵاتە تاوەكو ئەو بەرنامەو پڕۆژانەی هەیانە جێگیری بكەنو جێبەجێی بكەن، بەڵام ئەمە كاتێك ڕوو ئەدات كە دەنگی پێویستی بەدەست هێنابێتو متمانەی دەنگدەرەكانی لەدەست نەدابێت، بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان لەم دوو هەڵبژاردنەی دواییدا نیوەی دەنگەكانی دەنگدەرانی خۆی لەدەستدا، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی كە نەیتوانیوە لەماوەی ڕابردوودا ئەو بەڵێنانەی دابوی یاخود ئەو بەرنامەو بیروباوەڕەی بزوتنەوەكەی لەسەر داڕێژرابوو، جێبەجێی بكات، بەڵكو وەك پێشتر لەڕێی ئەو سەرچاوانەی ئاماژەمان پێداوە پێچەوانەی بیرو باوەڕەكەی خۆی كاری كردوە بەتایبەت لەبوونی خیتابو دروشمی جیاوازدا.

بۆیە بەشداری كردنی لەدەسەڵاتدا بەو ڕێژە كەمەی كە هەیەتی لەكورسی پەرلەمانی جگە لەوەی كە ڕاگەیاندنی لاوازی وبێ ئیرادەیی خۆی بوو وەك حزبێكی كارای ئۆپۆزسیۆنكە ئامانجی چاكسازییو گۆڕانكاری بوو لەسیستەمدا، لەهەمان كاتدا خۆڕادەستكردنیش بوو بەئیرادەی زاڵ لە كۆی پرۆسەی سیاسیدا كە هەردوو حزبی باڵا دەست داڕێژەری بەرنامەكەین، بەتایبەت پارتی دیموكراتی كوردستان كەلە هەڵبژاردنەكانی ٢٠١٨/٩/٣٠ توانی زۆرینەیەك بهێنێ كە بە هاوپەیمانی كەمینەكان دەكاتە زۆرینەیەكی ئاسودەی بێمنەت.

## دەرەنجام:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەتوانین بڵێین کە لەهەرێمی کوردستاندا دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك پرۆسەی سیاسی بەهۆی هاتنە ئارای ئۆپۆزسیۆنەوە جۆرێك لە زیندوێتی پێوە دەرکەوت و توانی لەڕوی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە جۆرێك لە گۆڕانکاری لەدامەزراوەکاندا بکات، هەروەها لەو ماوەیەدا کە ئۆپۆزسیۆن کارا بوو دەسەڵات ناچاربوو لەپێناو مانەوەی خۆیدا تا ڕادەیەك بانگەشەی چاکسازی و باشکردنی خزمەتگوزاری بکات، جگە لەوەی ئۆپۆزسیۆن بووە نوێنەری دەنگە نارازی و پەنگخواردوەکانی جەماوەر وداواکانیان، بەڵام لەبەرئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا دیموکراسی ڕاستەقینە ماویەتی پەیڕوبکرێت، بۆیە دەبینین تادێت ڕەوشی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرەو لاوازبوون دەچێت، ئەویش لەسایەی ئەم دەرەنجامگرییانەی کە لە ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە گەڵاڵەکراون و لەخوارەوە گرنگترینیان خراوەتەڕوو:

یەکەم: لەبەر ئەوەی سستمی حوکمڕانی دروست و ژیانی پەرلەمانی لەبار لەهەرێمی کوردستان بوونی نیە و ئەوەی کە هەیە مومارەسەی سیاسیە بۆیە دەبینین هەلی دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا ڕەخساو نییە، بەڵکو دەسەڵات لەلایەن دوو حزبی سەرەکیەوە کۆنترۆڵ کراوەو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان سەرچاوەکانی هێز لە هەموو ڕووەکانیەوە لەدەست خۆیاندا بێت.

دووەم: بۆ مانەوەی ئەو دۆخە وەك خۆی هەمیشە هەردوو حزبی دەسەڵات لە دروستکردنی حکومەتدا پەنا بۆ دروستکردنی حکومەتێکی هاوپەیمانی ئەبەن، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ لاوازکردنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، چونکە حکومەتی هاوپەیمانی پرۆسەیەکە، کاتێ لە وڵاتە نادیموکراسییەکاندا پەیڕەودەکرێت بۆئەوەیە کە هیچ هێزێکی نەیار لەدەرەوەی دەسەڵات نەهێڵرێت، هەروەها لەپێناوی پاشەکشە پێکردنی پرۆسەی دیموکراسی و نەهێشتنی روحی کێبڕکێ لە پێشکەشکردنی پرۆژە و بەرنامەی چاکسازی و خزمەتگوزارەیە لەلایەن حزبەکانەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لای هاووڵاتیان متمانە کەم دەکاتەوە و وایان لێ دەکات کە بەشداری هەڵبژاردنەکان نەبن.

سێیەم: هەرچەندە هۆکارەکانی لاوازبوونی ئۆپۆزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا زۆرن، بەڵام گرنگترینیان بریتییە لە مردنی روحی بەرگری و بوێری لەلای هەندێك لە سیاسیەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستان و نەمانی توانای خۆڕاگریان لەبەردەم ئیمتیازو پلەو پۆست و نەشارەزاییان لەکاری سیاسی و دیبلۆماسیدا، کەبووە هۆی ئەوەی ئۆپۆزسیۆن بەرەو لاوازی وپوکانەوە بچێت و نەمێنێ.

چوارەم: هەوڵی بنەماڵە سیاسییەکان، بەوانەشەوە کە لەچەند ساڵی ڕابردودا بەهۆی بازرگانی سیاسیەوە دروستبوون، لەپێناو بەرەودان بەحوکمی بنەماڵەیی، جا لە دەسەڵاتدا بێت یان لە ئۆپۆزسیۆندا، هەمیشە ڕێگر بووە لەبەردەم هەنگاوەکانی بدیموکراتییکردن لە هەرێمی کوردستاندا.

پێنجەم: جیاوازی ڕاوبۆچونی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لەمەڕ بابەتە سیاسیە گرنگەکان هۆکارێکی بەهێزی لاوازبوونی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی پێشوو بوو، بەتایبەت لەناو بزوتنەوەی گۆڕاندا بەتایبەتریش پاش کۆچی دوایی ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەکە.

شەشەم: بوونی دەستەگەری هۆکارێکی بنەڕەتی شکستی سیاسی پارتە سیاسییەکانی هەرێم بووە چ لە دەسەڵاتدا و چ لە ئۆپۆزسیۆندا، بۆیە لەناو بزوتنەوەی گۆڕانیشدا ئەم هۆکارە نادیدە ناگیرێت

له باسی شکستی بزوتنەوەكە وئۆپۆزسێۆنیشدا.

**ڕاسپاردەکان:**

دەكرێت بەچەند هەنگاوێك ئەدای ئۆپۆزسیۆن لەكوردستاندا چالاك بكرێتەوە، ئەگەر ئامانجمان هێنانە ئارای ژیانی دیموكراتی و حوكمڕانییەكی باش بێت، ئەویش بەم هەنگاوانای خوارەوە:

١- هەر دەستەوتاقمێك ڕابەرایەتی ئۆپۆزسیۆن بكات ئەگەر حزب بێت یان جوڵانەوە یان دەستەیەكی مەدەنی، ئەوا دەبێت جیاوازییە بنەڕەتیەكانی لەفیكر و بۆچون و دروشمەكانی لەگەڵ دەسەڵاتدا بەشێوەیەكی بەرجەستە ئاشكرا بكات و دەبێت ئەو ڕابەرایەتیە بەڕونی و سادەیی گوتاری جیاوازی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتدا بخاتە ڕوو، هەروەها ناكۆكیەكانی لەڕوی سیاسی و فیكری و ئابوری و كەلتوری و بوارەكانی تریش ڕوون بكاتەوە. لە هەمان كاتدا مەرجە پایەی سەرەكی خزمەتی میللەت بێت و ئاشكرای بكات كەچۆن دەتوانێ خزمەتگوزاری باشتر لەو دەسەڵاتەی هەیە پێشكەش بكات.

٢- لەوڵاتانی ئێمەدا ئۆپۆزسیۆن و ڕابەرانی دەتوانن دەست بۆ بابەتە بونیادییەكان ببەن بەتایبەت كە دەستورێك بۆ وڵات پەسەند نەكراوە، بەواتایەكی تر دەتوانن ڕای جیاوازی خۆیان لەسەر دیاری كردنی جۆری سیستم و پێكهاتەی دەزگا و جومگەكانی وڵاتەكەیان بخەنە ڕوو.

٣- هەروەك چۆن ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ كەموكورتی و عەیبەكانی دەسەڵات و دەسەڵاتداران ئاشكرا بكات بەتایبەت لەوڵاتی ئێمەدا كە پاش ٢٨ ساڵ هێشتا سیستم و دامەزراوە دۆخێكی ناجێگیر و دەڵەمەیی هەیە، هەر بۆیە هەموو جۆرە خراپەكاری و ناعەدالەتی و پێشێلكردنێكی یاسا دەبینین، هەروەها ئەوەی گەندەڵی هەموو جومگەكانی دامەزراوە دەوڵەتیەكەی وێران كردوە، بۆیە گوتاری ئۆپۆزسیۆن كاتێك قبوڵكراو دەبێت كە بەڕاستی و دروستی دژایەتی گەندەڵی بكات.

٤- كێشەیەكی تری بونیادی كە توشی هەرێمی كوردستان بووە هەوڵی بە بنەماڵەیی كردنی سیستم و سیاسەتە، كە شۆڕ بۆتەوە بۆ زۆربەی زۆری حزبەكان و ئۆپۆزسیۆنیش لەم دۆخە بەدەر نەبووە، بۆیە ئەگەر وڵاتێكی دیموكراسی و خۆشگوزەران و پێشكەوتوو دروست بكەین دەبێت خەڵك خۆی حوكمداری خۆی بێت، ئەوەی چەند ساڵە هەوڵ و ماندوبون و خەباتی لەسەرە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتەیە نەك ئەو بنەماڵانە، شۆڕش و خەبات و ڕاپەڕین و حكومەت دروستكردنیش بەبێ ئەو بنەماڵانە دروست دەكرێت.

٥- كەواتە بەدەستنیشانكردنی گوتارێكی ڕوون دەتوانرێ ئۆپۆزسیۆنێكی دروست بەرهەم بهێنرێ، ئەوەی ڕۆڵی گرنگی دەبێت لەكەسایەتیە سیاسیەكان دەبێ ڕابردوو پاك بێت و گەندەڵ نەبێت بۆ ئەوەی خەڵكی متمانەی پێ بكات، هەروەها دەبێت ڕۆشنبیران ڕۆڵێكی زۆر كاریگەریان لە هوشیاركردنەوەی خەڵك و ڕونكردنەوەی ئامانجەكان هەبێت.

٦- لەكۆتاییدا دەبێ خەڵكی دڵسۆزی میللەتەكە قەناعەت بێنێ بەوەی ئەم بارودۆخە پێویستی بەگۆڕانكارییە، هەروەها باوەڕ بێنێ بەوەی كە ئەویش وەك تاكێكی ئەو میللەتە دەبێ ئامادەیی تیا بێت بۆ قوربانیدان، چونكە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە بە قوربانیدان و نەفەس درێژی لەسەر بەرگری و بوێری بونیاد دەنرێ، نەك بە هەڵپەی وەرگرتنی پۆست و پارە و ئیمتیاز.

## لیستی سەرچاوەكان:

**یەكەم :- كتێب**

**كتێبە كوردیەكان:**

١. موعتەسەم نەجمەدین، بزوتنەوەی جەماوەری نوێ- گۆڕانبەنمونە،چاپخانەی كاردۆ ٢٠١٨.

٢. یاسین سالّح، ئۆپۆزسێنی سیاسی، چاپوبلاّوكردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٩.

**كتێبە عەرەبیەكان:**

٣. اشرف مصطفى توفيق، المعارضة، العربي للنشر والتوزيع، القاهرة سنة الطبع غير موجود.

٤. عبدالاله بلقيز، المعارضةوالسلطة في الوطن العربي، أزمةالمعارضة السياسيةالعربية، مركزدراسات الوحدةالعربية، بيروت،الطبعة الأولى ٢٠٠١.

٥. سربست مصطفى رشيداميدي، المعرضة السياسية والضمانات الدستورية لعملها-دراسة قانونية سياسية تحليلية مقارنة، مؤسسة موكرياني للبحوثوالنشر، مطبعةخاني- دهوك، الطبعةالأولى ٢٠١١.

٦. د. طه عمررشيد، الأسس القانوني لحق المعارضة السياسية- العراق نموذجا،دارالسلام للطباعة و النشر،السليمانية ٢٠١١.

**دووەم: ڕۆژنامە:**

**ڕۆژنامەی كوردی:**

٧. ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە ٣٠٩بۆ ٣١٣ لە ٢١بۆ ٢٠٠٨/٩/٢٥.

٨. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە ٧٧٤٣ لە ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/١٧.

**ڕۆژنامەی كوردی:**

٩. صحيفة شرق الأوسط اللندنية، العدد ١١٠٩٢، اليوم ٢٠٠٩/٤/١٦.

**سێیەم: چاوپێكەوتن:**

١٠. ئاراس فەتاح (نوسەرو ڕۆشنبیر)، ڕۆژی چاوپێكەوتن: ٢٠١٩/٤/٢٠.

١١. د.ئسماعیل نامیق (بەرپرسی ژوری یاسایی بزووتنەوەی گۆڕان)، ڕۆژی چاوپێكەوتن: ٢٠١٩/٤/١٥.

١٢. پەیمان عزالدین (ئەندام پەرلەمانی لە خولی سێیەمی پەرلەمان لەسەر لیستی گۆڕان)، ڕۆژی چاوپێكەوتن: ٢٠١٩/٤/٥.

١٣. سۆران عومەر (ئەندام پەرلەمان لەخولی چوارەمی پەرلەمان لەسەر لیستی كۆمەڵی ئیسلامی)، ڕۆژی چاوپێكەوتن: ٢٠١٩/٤/٢١.

١٤. قادری حاجی عەلی (ئەندامی پێشوی مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان وهەڵسوڕاو وسەركردەی پێشوی بزوتنەوەی گۆڕان)، ڕۆژی چاوپێكەوتن: ٢٠١٩/١/٢٥.

١٥. د. محمد عەلی ئەحمەد (بەرپرسی پێشووی ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان)، رۆژی چاوپێکەوتن: ٢٠١٩/٤/٢٥.

**چوارەم: سایتی ئەلکترونی:**

١٦. عبدالعظيم جبر، ثقافة المعارضة، من الانترنيت تأريخ الزيارة ٢٠١٩/٤/٢٠، على الى الرابط الآتي:
http://www.siironline.org/alabwab/akhbar_aldimocrati(15)/akhbar_aldimocrati(15)/130.htm

١٧. پەرلەمانی کوردستان، مێژوی هەڵبژاردنی خولی یەکەم ودوەم وسێیەم وچوارەم وپێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ، سایتی پەرلەمان بەروارەکانی سەردانکردنی ٢٠١٩/١/١٤، ٢٠١٩/٢/٢٢، ٢٠١٩/٣/٢، ٢٠١٩/٣/١٤، ٢٠١٩/٤/١٧لەسەر ئەم بەستەرە:
http://www.perlemanikurdistan.com/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History

١٨. نەوشیروان موستەفا، حیزبو حوکم: ئەزمونی کوردستان، بڕوانە سایتی سبەی بەرواری سەردانکردنی ٢٠١٩/١/١٤، لەسەر ئەم بەستەرە:
https://www.sbeiy.com/Dreje_nwsinakan.aspx?jimare=72

١٩. پەیامی سبەی، بڕوانە سایتی سبەی بەرواری سەردانکردنی ٢٠١٩/٥/٢، لەسەر ئەم بەستەرە:
https://www.sbeiy.com/about.aspx?jimare=3

٢٠. نەوشیروان مستەفا، ئێمەو ئەوان: ناکۆکیەکانمان لەسەر چین؟ بڕوانە سایتی سبەی بەرواری سەردانکردنی ٢٠١٩/٢/٢٠، لەسەر ئەم بەستەرە:
https://www.sbeiy.com/Dreje_nwsinakan.aspx?jimare=76

٢١. یاسین ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٤١، هەروەها سایتی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم بەستەرە:
http://www.perlemanikurdistan.com/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History

٢٢. بەیاننامەی بزوتنەوەی گۆڕان دەربارەی هەلومەرجی ئێستای کوردستان، بڕوانە سایتی سبەی لەسەر ئەم بەستەرە:
https://www.sbeiy.com/newsdetail2.aspx?jimare=33467

٢٣. ٨ ساڵ بەسەر خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات تێدەپەڕێت، بڕوانە سایتی زێد نیوز بەرواری

سەردانکردنی ٢٠١٩/٢/٦، لەسەر ئەم بەستەرە:
http://zednews.net/news.aspx?id=1457&mapid=1

٢٤. نەوشیروان مستەفا، دەسەڵات وەردەگرین نەك دەچینە دەسەڵات، ٢٠١٣/٩/١٤، بڕوانە سایتی سبەی بەرواری سەردانکردنی ٢٠١٩/٣/٢٥، لەسەر ئەم بەستەرە:
https://www.sbeiy.com/Dreje.aspx?jimare=69

٢٥. پەیکەری ڕیکخراوەیی بزووتنەوەی گۆڕان، ماڵپەڕی فەرمی گۆڕان بەرواری سەردانکردنی ٢٠١٩/٤/٢٠، لەسەر ئەم بەستەرە:
https://gorran.net/paiker.aspx